کارزان کاوسێن

# دەربارەی گەنجان

## ناوەرۆك


پێشەکی ........................................................................... ٥-٦

١-کۆمەڵناسی گەنجان ...................................................... ٧-١٠

٢-کەسایەتی گەنجی کورد لە نێوان تێکشکان ودروستبوونەوەدا........................................................ ١١-٢١

٣-گەنج وپرسی بەشداری سیاسی.......................................٢١-٢٩

٤-کاریگەری کەلتووری عیراقی لەسەر گەنجی کورد.............٣٠-٣٥

٥-بەجیهانیبوون وکێشەی گەنجان.....................................٣٦-٤٣

٦-ڕاپەڕین ونەوەکان بە تێڕوانینێکی تر..............................٤٤-٥٣

٧- دەربارەی دوایین خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران..............٥٤-٦٠

٨- خوێندکار ومامۆستای کاریزماتیك.............................٦١-٦٨

٩-هاوڕێیەتی کارەکتەری کورد بە لۆژیکی ئەرستۆ ودێریدا..٦٩-٨٠

# پێشەکی

لەمڕۆی کۆمەڵگای کوردییدا قسەکردن بە لۆژیکی ڕەخنە زۆر پێویستە لە بارێکدا کە هەوڵی زۆر لە ئارادان بۆ خۆلێدزینەوەی، گرفتەکەش ڕێك لەوەدایە کە ئەم خۆدزینەوەیە جارێکی تر بەناوی ڕەخنەوە ساغ دەکرێتەوە. ڕەخنەی ئەمڕۆ بەرانبەر لایەنەکانی ژیان ،بوارەکانی کۆمەڵگا ورەوەندەکانی، زیاتر دوو خاڵی سلبی تیادا دیارە:

١-ڕەخنە زیاتر بە مانای دژایەتییکردنی بونیادێك دێت، واتە ئەوەندەی دروستکردنی کەموکورتی هەیە، ئەوەندە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو کەموکورتییانە وپێشنیاری چاککردنییان نییە.

٢-ئەو جۆرە ڕەخنانە یەکلایەنەن لە کاتێکدا کە لۆژیکی ڕەخنە فرەلایەنە. چەندە نیاز هەبێت لە ڕەخنەگرتن لە بەرانبەر وئەویتر، ئەبێ دووئەوەندە ڕەخنەگرتنی خود لەئارادابێت، لانی





کەم بۆ دەستەوستانکردنی ئاقلانەی ئەویتر لە پاساوکارییدا وبێ منەتکردنی بوارەکانی گفتوگۆ.

لەم سۆنگەیەوە ئەوەی کە دەربارەی توێژی گەنجانییش دەنوسرێت ودەوترێت لەو کەموکورتییانە بەدەر نییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لایەنی تیۆریی کێشەکانیان لەبەرچاوناگیردرێت. مەبەستمە بڵێم کێشەی گەنجانیش هەروەکو زۆرێك لە کێشەکانی تر ناکرێ تەنیا لە ڕەهەندێکی کۆنکریتییەوە بخوێنرێتەوە و وابزانین ڕێك دەچێتە بازنەی ستەمکار وقوربانییەوە، بەڵکو تاووتوێی ڕەگوڕیشە وپەیوەندییەکانیش بە چاوێکی واقعبینانە، غەیرەعاتفی وئیستدلالی پێویستە. ئەم نامیلکەیە لە نۆ وتار پێکهاتووە کە زۆربەیان لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بلاوکراونەتەوە، بەلام بە پێویستم زانی بە لەبەرچاوگرتنی کێشەکانی ئەمڕۆی گەنج ومشتومڕەکانی، لە دوو توێی نامیلکەیەکدا بلاویان بکەمەوە. گرنگی ئەم وتارانەش لەوەدا دەبینمەوە کە کورت و پوخت لە ڕەهەندی کۆمەڵناسی-کەلتوورییەوە نوسراون. بەو ئومێدەی ئیزافەیەك بێت بۆ ئەو قسە وباسانەی دەربارەی گەنجان دەخرێنەڕوو.

## کۆمەڵناسی گەنجان

سەرەتا پێویستە هەڵەیەکی زاراوەناسی ڕاست بکەینەوە، کاتێك باس لە کێشەی گەنجان دەکرێت ئەوا بە زەروورەت باس لە تەمەنێکی دیاریکراو وقۆناغێکی دیاریکراو دەکەین، چونکە مرۆڤ لەو قۆناغەدا کێشەی پرۆژە وخەونی هەیە لە کاتێکدا کە دەستەواژەگەلێکی وەکو کێشەی منداڵ یاخود پیر دەچنە دۆخێکی ئاوارتەییەوە. لەم ڕووەوە تەعبیری وەکو (مرۆڤێکی بەساڵاچوو بە بیرکردنەوەی گەنجانە) لە زۆر ڕووەوە بێ مانایە کە گووتارێکی هەلپەرست ئیشی لەسەردەکات; گووتارێك کە نایەوێت وەکو گەنج بەڵکو ئەیەوێت لەبری گەنج قسە بکات وحوکم بدات. لێرەدا نامەوێت جارێکی تر بە قوڵی لەم مەسەلەیە بدوێم هەرچەندە تایتڵی لێکۆڵینەوەیەکم بۆ وتارێك هەڵبژاردووە، بەڵام ئەمڕۆکە گەنجانی خاوەن کێشە بە پلەی یەك خوێندکاران وبە پلەی دوو گەنجانی سەر شەقام دەگرێتەوە. لە





ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە هەریەك لەمانە دەچنە بازنەی گروپی کۆمەلایەتییەوە کە شوناسی کارلێکی بەردەوام لە گروپدا کۆیان دەکاتەوە. گیروگرفتی خوێندکاران لە دامەزراوەکانی خوێندندا، بە چاوپۆشیکردن لە گرفتی کەسی، ڕووبەڕووی سیستەمی خوێندن ومامۆستا لەلایەکەوە وتەداخولاتی دەسەلاتی سیاسی تەقلیدی دەبێتەوە، کاتێکیش خوێندن تەواو دەکەن ئەوا چاوەڕێی بەشی دووەمی خزمەتگوزاری حکومەت دەکەن کە هیچی لە بەشی یەکەمی ئەو خزمەتگوزارییە کە خوێندنە کەمتر نییە وبریتییە لە ڕەخساندنی زەمینەکانی ژیانی هاوسەرێتی، تەعین بوون بە موچەی گونجاو بۆ بڕوانامەی گونجاو،..گەنجی سەر شەقام لەم کۆنتێکستەدا زاراوەیەکی تایبەت نییە، بەڵکو مەبەست لەو لاوانەیە کە نەیانخوێندووە یاخود دابڕاون وچاوەڕێی پڕکردنەوەی فەراغەکانیان دەکەن. لێرەوە پرسیارێك دروست دەبێت کە ئایا کێ لەم کێشانە بەرپرسیارە؟

پێم وایە کە گەنج تۆمەتباری یەکەمە لە: لێنەپرسینەوەی سیستەماتیکی دەسەلاتدا، وگرنگتر لە چۆنێتی لێپرسینەوەیدا، ئەمانەش بەهۆی:

**١-پەرتەوازەیی گووتاری گەنج. دەشێت گەنجانی شارێك بەهۆی قەزییەیەکەوە مان بگرن، لە هەمان کاتدا ولە شارێکی تر دەست لەناو دەستی دەسەڵات متمانەی خۆیان بۆی دووپات بکەنەوە.**

**٢-کە گووتارێکی پەرتەوازە هەبوو ئیتر عەقڵێکی (مدبر)یش نابێت بۆ ئەو کێشانەی کە هەنووکە لە وەهمێك دەچن، واتە چیتر کێشەیەك بەناوی کێشەی گەنج بوونی نابێت. ناشێت بۆ لێپرسینەوەیەك ڕووبەڕووی دەسەڵات بوەستین و لەهەمان کاتدا پشت بکەینە ئەو فەرهەنگە کۆمەڵایەتییەی کە ڕەگ وڕیشەکانی تیادا جێهێشتووە وتەگەرە لە بەردەم پلانە بەرفراوانەکانی دەسەڵات وحکومەت دروست دەکات.**

**٣-ئەمڕۆکە لە کۆمەڵگەی کوردییدا گەر مۆدێلێکی گەنجان بەدی بکەین (گەنجی کارتێکراو)ە، کارەکتەرێك کە گوێڕایەڵی ئەقڵییەتی پیری ئەوانەیە کە لە ژێر نەقابی ڕووناکبیر، سیاسەتمەداری سەربەخۆ، دینداری گۆڕانخوازدا گووتاری نەگۆڕ ودۆگماتیکی خۆیان ئاراستە دەکەن، بەجۆرێك کە کاریزماتیزە بوونیان بووەتە هۆی ئەوەی کە بەردەوام وتەکانیان لەسەر زاری ئەو بێت. ڕەنگە ڕێکخستنی ئەو خۆپیشاندانە بێ بەندوبار، لە**





**پڕو کاتییانەی کە گیروگرفتەکانی چارەسەر نەدەکرد، ئەنجامدانی کۆڕ وکۆبوونەوەی ناوبەناو بۆ گەنجان، هەروەکو ئەو حاڵەتەی پێش دوایین هەڵبژاردن کە تیایدا کۆمەڵێك گەنجانیان هان دەدا بۆ بەشدارییکردن، کۆمەڵێکیش بۆ ڕەواندنەوەیان لە ئەنجامەکانی بن. لەم سێ خاڵەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تۆژینەوەی کۆمەڵناسی بۆ گەنجی کورد ودیاردەکانی زۆر پێویستە بۆئەوەی پەند لە بارودۆخە ناکامەکان وەربگیرێت وزەمینەی ئاینده دابین بکرێت.**

# کەسایەتی گەنجی کورد لەنێوان تێکشکان و دروستبوونەوەدا

کەسایەتی بریتییە لە کۆمەڵێك باوەڕ، ئیحساس، تێڕوانین و شوناس کە هەندێکیان تا ڕادەیەکی زۆر جێگیرن و هەندێکیشیان بە گۆڕانی زەمەن گۆڕانیان بەسەردادێت، بۆنموونە ; ڕەنگە ڕووداوێك یا کارەساتێك بە توندی کار لە کارەکتەری تاکێك بکات و بۆچوون یا پێوەرەکانی بەرانبەر دەوروبەر و پێگەی کۆمەلایەتی بگۆڕێت یا بۆ نموونە کودەتایەك ڕوانگەی ئەو کارەکتەرە بەرانبەر سیستەمی سیاسی وەربچەرخێنێت. ڕەنگە کەسایەتی گەنج زۆرترین هەستیارێتی هەبێت ئەمەش بە حوکمی زیاترین بەرخورد وکارلێك بەرانبەر ڕێساکانی کۆمەڵگە وبە هەبوونی ئاستێك لە هەڵشەیی و سەرکەوتن لە بوارێك یا تێشکان تیایدا، گۆڕانێك مسۆگەر دەکات. گەنجی کورد یەکێکە لە قوربانییەکانی گۆڕانەکان، ئەو گۆڕانانەی کە ئەگەرچی ئیجابییش بووبن ئەوا بە پلەی یەك پشکێکی نێگەتیڤی بەر ئەو کارەکتەرە کەوتووە. ئەگەر گەنجی کورد لە ڕووداوێکی دیاری ناو کۆمەڵگەشدا نەژیابێت ئەوا کاریگەری وێنەکانی ئەو ڕووداوە لە خەیاڵدانیدا هێلانەی کردووە وزۆرجاریش گوێزراوەتەوە





بۆ ئاستی زیهنی ئەو بۆ کارلەسەر کردنیان. ئێستا چەند گۆڕانێك بە گریمانە دەکەین بەمەبەستی لێکدانەوەی چەند کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر گەنجی کورد کە بەرەنجامی خراپ وەرگرتن یا بێ ئاگایین:

## ١-نەریتگەرایی کۆمەڵایەتی

نەریتەکان لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کوردستاندا بوونێکی بەرچاویان هەیە، بەڵام کاڵبوونەوەی سنوورە کەلتوورییەکان ئەم بوونەیان لاوازکردووە، ئەمەش بە دیوێکیدا توندڕەوی لە نەریتگەراییدا دروست دەکات. نەریتە پەیوەندیدارەکانی گەنج لە هەندێ بواری وەکو شێوازی پەیوەندی، ڕێساکانی خێزانی باوکسالار، حوکمە خێڵەکی، ڕێسا ئایینییەکان وهتد بەرجەستە دەبن. هیچ خاڵێکی ئیجابییانەی چەمکی پەیوەندی ڕەگەزە جیاوازەکان بەدی ناکەین لەکاتێکدا ئەم پەیوەندییە وێنەکراوی خێزان بێت و کۆنترۆڵی خودئاگایی بەسەرەوە نەبێت. ڕێساکانی خێزانی کوردی سەرکوتکەری بیرکردنەوەی گەنجی ئەمڕۆن بە پێوەری بیرکردنەوەی گەنجی دوێنێ. ئەم ڕێسایانە بەرنامە داڕێژەری گەنجن بۆ ئەوەی دووچاری (هەڵە) نەبێت، هەڵەیەك کە

له گووتاری خێزاندا تەنیا سەرپێچییەکانی بیرکردنەوەی جیاوازە. له شوێنە دووردەستەکانی سیستەمی سیاسی کە زیاتر یاسای خێڵەکی و سولْح وشەرع دەور دەبینێت تاکەکەس لە ئاگاییەکی ئامادەباشدایە لەبەردەم ئەو سنوورە خودییانەی کە گەورە وپیرەکان بۆی دیاریکردوون کە بە بەزاندنیان وێنەی گەنجێك دەبینین کە کەسایەتی (لەکەدار) بووە و عەیب و عاری لێنیشتووە، ئەمە سادەترین سزایە، چ جای قورسترین سزا کە کوشتنە لە حاڵەتی هەر پەیوەندییەکی کتوپڕ لەنێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا. لە ناوچە گۆشەگیرەکاندا کوێخا، ئاغاو مەلا هێشتا ئەو تایبەتمەندییە کاریزمی و جادووە ئایینییەیان پاراستووە کە بکرێ مێگەلێك بەڕێوەببەن بێ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بتوانێت فزولّی تێدابکات بە هەندێ بیانووی وەکو تێك نەدانی بونیادی خێڵەکی و دابونەریتە پیرۆزەکانی. هێشتا لە هەندێ ناوچەدا، نەچوونی گەنجێك بۆ خوتبەی جومعە، دەبێتە هۆی دروستبوونی گومان لە تەواوی کەسایەتی ئەخلاقی ئەو. گومانێك کە مەلایەکی بە نفوز دەتوانێ دروستی بکات و لە دیدی ئەوانیتردا پەرەی پێبدات. لەو نەریتە کۆمەڵایەتییە سلبییانەی کە گەنج کۆت دەکەن، بەرهەمهێنانی وێنەی گەنجی





باشە، وێنەیەك کە لەلایەن دەسەڵاتی خێڵەکییەوە بەشێوەی ڕەمزیی کاری لەسەر دەکرێت بۆ کۆپیکردنی کارەکتەری کوڕ لەسەر باوك. گرفتەکەش ڕێك لە کەبتکردنی دەروونیی کوڕدایە بە گووتارێکی دۆگماتیکی چاکە وخراپە ودووبارەبوونەوەی بیرکردنەوەیەك کە ئیتر لە زەمەنێکی دیاریکراودا بەسەرچووە. لێرەوە ڕەوتێك هەیە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەردەوامە، ئەگەرچی لەڕواڵەتدا لاوازە، بەڵام دەتوانێ کارەسات بەرهەم بێنێت. ئەمڕۆکە مەترسی نەریتگەرایی تەنیا لە وردە کەلتوورەکانی خێڵە دووردەستەکانەوە ئاراستە ناکرێت بەڵکو لەناو جەرگەی شارستاندا و لە فۆرمی نوێدا نمایش دەکرێت، فۆرمە نوێکان دوو جۆری حزب و گروپن : یەکێکیان دونیاییە و ڕەگەزی نەریتگەراییانەی تێدایە بۆ نواندنی ڕۆڵی هەندێ لە ئەندامە بە نفوزەکانی، ئەویتریان ئایینییە و لە بونیادەوە نەریتییە. هەر وەکو وتمان نوێیەتی لە فۆرمدا یاخود وێنە ئاراستە کراوەکان زۆرجار کەسایەتییەکی وەکو گەنج فریو دەدەن، بۆیە ئاساییە کە ببینین هەندێ شێوازی پەیوەندی لە شوێنە گشتییەکان سنووری بۆ دادەنرێت، یاخود ئاغایەکی دیوەخان ئەفزەڵیەتی زیاترە لە گەنجێکی هەژار، پارە وسامان لە

ناوەندێکی حزبییدا سەنتەر دەگرێت لەسەر حسابی خوێندکار یا گەنجێکی چالاکی کۆمەڵگە، هیرارکییەت و بیرۆکراتییەتی دەزگای حکومی تیرۆری کەسایەتی گەنجێك دەکەن، گەندەڵییەکان گەنجێك بێ ئومێد دەکەن، هتد.

## ٢-بە جیهانیبوونی کەلتووریی

دەتوانین بڵێین لە هەندێ ڕووەوە بە جیهانیبوونی کەلتووری بە بەخراپ ئاراستەکردنی کەسایەتی گەنج دەگاتە ئەنجام، بەو مانایەی کە کەلتووری گوێزراوە، هیچ پەیوەندییەکی بە مێژووی زەمینە بە بابەتبووەکەوە نییە و بە قۆناغبەندییەکدا تێپەڕنابێت بۆئەوەی لە بێژنگی کەلتووری خۆماڵیی بدرێت. کۆمپانیا، ڕێکخراو و گروپە بێ سنوورەکان، سکرینە فەزاییەکان، ئەنتەرنێت، سیستمی مۆبایل، مۆدی پۆشاك وئۆتۆمبێل وهتد. ئەمانە فاکتەرەکانی بەجیهانیبوونی کەلتوورین بۆ گەیاندنی چەمکەکانی پەیوەندی و بەها خۆرئاواییەکان لەسەر واقیعێکی تەواو جیاواز. ناکرێ ئەم شالاَوە کەلتوورییە بە (غزو) ناوببەین بەڵکو زیانێك بۆ سەر کارکردنی ڕووناکبیری خۆماڵی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت لە هەندێ شێوەی وەکو دواخستنی ئەو





کارکردنە، یا لەشێوەی شۆکبوونی نەریتەکاندا، یاخود لە فۆرمی چڕبوونەوەی ململانێییەکی نێگەتیڤدا. دەکرێ ئەم حاڵەتە وەکو هەوڵی مرۆڤێك ببینین کە لە پێپلکانەی یەکەمەوە هەوڵبدات بچێتە پێپلکانەی حەوتەم و هەشتەم بە مەبەستی خێراگەیشتن بە مەنزڵگە. ئەگەر زیان بە خودئاگایی گەنج نەگەیەنێت ئەوا سەیرکردنی فیلمەکانی ماتریکس، یاریکردن بە ئێکس بۆکس و پلەی ستەیشنی دوو، خوێندنەوەی هاری پۆتەر، هەڵگرتنی دوایین مۆدێلی مۆبایل وپۆشینی دوایین شێوەی جلوبەرگی خۆرئاوایی چ زیانێك بەو کارەکتەرە دەگەیەنێت بە چاوپۆشیکردن لە حاڵەتە ئاکارییە دەگمەنەکان کە زیاتر نەریتگەرایی گەورەی دەکات؟ ئایا گەنجی کورد بە ڕادەیەکی کەم نەبێت بە مەبەستی زانستی سوود لە ئەنتەرنێت وەردەگرێت؟ ئایا گەنجی کورد بۆ سوودوەرگرتنێکی پەتی یا بۆ دروستکردنی خەیاڵێکی سەرمایەداری ئاڵوگۆڕی خێرا بە ئامرازەکانی مۆبایل و ئۆتۆمبێل و تەنانەت جلوبەرگیش دەکات؟ ئایا بە پرسیارێکی جددی چەمکی هاوڕێیەتی و پەیوەندی تر، بەهاکانی خۆشەویتی، ئازادی، عەدالەت، مرۆڤدۆستی نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو پرسیارەی پێشووەوە؟ گەنجی کورد ئەوەندەی کتێبێکی باسە

سێکسییەکان سەرنجی ڕادەکێشێت، ئەوەندە کتێبێك لەسەر بەجیهانیبوون کێشی دەکات، ئەوەندە دەقێکی ڕەخنەیی دەخوێنێتەوە؟ گەنجی کورد بێ ئاگایانە وێنەی خۆپیشاندان لە خۆرئاواوە وەردەگرێت بۆئەوەی بە حەماسەتێکی بێ بنەماوە کاری لەسەر بکات یاخود ئەو کارەکتەرە لە سۆنگەی هۆشیاربوونەوە و بەئاگاهاتنەوە لە کێشەکانی لەگەڵ دەسەڵات و نەریتگەراییەکەی پلانێکی پێشینەی داڕشتووە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە و هیتریش نێگەتیڤە.

## ٣-ململانێی کاریگەرییەکان:-

کۆمەڵگەی کوردی بە گەنجەکانیەوە وێڕای دەسکەوتەکانی، قوربانییەکی گەورەی گۆڕانە ڕووداوئاساکانیش بووە. شەڕەکانی ناو شانۆی کەلتووری کوردی، شەڕی چاکەو خراپە یا نەریت و مۆدێرنێتە نییە، بەڵکو شەڕێکە لەنێوان کاریگەییە کارتێکراوەکان. نوسەرێك دێت کە گەنجانی خوێندکار بە مێگەل دەبینێت، چونکە کتێبەکەی (ستیوارت هیوز)ی خوێندۆتەوە یا بە بێ ئاگایان دەزانێ لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانی کتوپڕ ویەك لەدوای یەکی بێ بەرنامە، چونکە شۆڕشەکەی ١٩٦٨ی





خوێندووەتەوە! نوسەری کوردیش لەو کاریگەرییە خۆرئاواییە سلبییە بێ بەری نییە، لەو خۆبینییە فکرییە بەدەر نییە بۆ ئاراستەکردنی خۆی وەکو قارەمانێك لەسەر حسابی توێژێکی گەنج ولە شانۆی ڕووناکبیری کۆمەڵگەدا. دیارترین ساختەیی لە فەرهەنگی ئەو جۆرە نوسەرانەدا لە لە هۆڵەکانی محازەرەی زانکۆ، لەماڵەوەیان، یاخود لە کارلێکیان لەگەڵ خوێندکاران و گەنجاندا دەردەکەوێت. خۆ بەڕووناکبیرزانینی ئەمانە یاخود هەبوونی کێشەی شەخسیی پاڵیان پێوەدەنێت کە هەر ئەبێ شتێك بڵێن و شتێك بنووسن بەمەش ئەبێ گوتار و کرداریان نەك هەر جیاواز بەڵکو ئەبێ دژ بێت لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و ڕەخنەگرتنی. بەرهەمهێنانەوەی وێنە ئەهریمەنییەکانی شۆڕش لە زەینی ئەو گەنجانەی کە لە ڕووداوی شۆڕشی نوێدا نەژیاون دەشێت ببێت بە هۆکارێك بۆ چەواشەکردنی ئەو کارەکتەرە، یاخود بیرهێنانەوەی ڕەوەندەکانی شەڕی ناوخۆ وەکو وروژاندنێك وبە بیانووی ڕەخنەگرتن جارێکی تر دنەی گەنج دەدات کە بە نەخوێندنەوەی بەڵگاندنەکانی دەسەڵات و بێبەشبوون لە خودئاگایی بکەونە ژێر کاریگەرییەکی ساختە یا کارتێکراوەوە. ئەمڕۆکە لەناو گەنجاندا چەند کوتلەیەکی فەرهەنگی هەن کە

وتەکانی هەندێ نوسەر توتی ئاسا دەڵێنەوە بێ ئەوەی لە فەرهەنگی قسەکەری ئەو وتانەو کێشەی خۆیان وەکو گەنج وردبنەوە بۆئەوەی لانی کەم پابەند نەبن بە گوتاری حەماسییەوە. لەلایەکی ترەوە دەسەلاتی سیاسییش بێبەری نییە لەو پلانە کارتێکراوانە هەر بۆیە دەشێت دواکەوتن یا پەککەوتنی بەرنامەیەکی خزمەتگوزاری لە دەسکاری بەرپرسێکی تەقلیدی و گەندەڵەوە بێت. بە دەربڕینێکی تر زۆرجار لەناو حزبێکدا بەرپرسی گۆڕانخواز هەیە، بەلاّم لەوانەیە بە ئەنجامدانی کارێکی داهێنەرانە لە ڕێسای تاکتیکی دەسەلاّت لابدات و بکەوێتە بەر غـەزەبی ڕکـابەر وسەرکـردەکانی. سەرکردەو بەرپرسە کاریزمییەکانی ناو دەسەلاّتێکی هەرەمی بەربەستی گەورەن لە بەڕێوەچوونی بەرنامە نوێخوازەکانی گەنجان یا هەڵپەسێرانی لە ئاستێك لە ئاستەکانی جێبەجێبووندا. هەندێ جاریش ئەو بەرپرسانە لایەنە پەیوەندیدارەکانی خوارەوە تۆمەتبار دەکەن بەو کارانە، ئەگەر ئەمەش وابێت ئەوا پێویستە ئەوان بە وێنە بچوککراوەکانی خۆیان ببینن کە ئایدۆلۆژیای ئەوان درێژ دەکەنەوە. ئەمڕۆکە وێڕای هەبوونی کاریگەری ئایتمە خێڵەکییەکان لەناو حزبی بالاّدەستدا، تەوجیهی قەوارە





تەقلیدییەکانی دەرەوەی حزبیش دەبینین بەهۆی ئامادەگییان لە پەرلەماندا یا هەبوونی نفوزیان لەسەر دەسەلاّت، ئەمانە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە هێڵکاری کەسایەتی گەنج بە جۆرێك کە ژیرانە هەڵسوکەوت نەکات ناتوانێت مینبەرێکی شەرعییان لەبەرانبەردا دروست بکات.

بەرئەنجامی ئەم کاریگەرییانەش خودی کێشە فەرهەنگییەکەیە کە هەرەوەکو وتمان شەڕی کۆن و نوێ نییە بگرە شەڕی گووتاری بەڵگاندن و پاساوکارییە، هەر لایەنێك لایەنەکەی تر تۆمەتبار دەکات، لایەنێکیان بە کەموکورتی و گەندەڵی و گۆشکردن بەخوێندنەوەی هەواڵی پڕۆژەکان، عەلمانیەتی بە ئایینییکراو، پیشاندانی دیموکراسی ساختە، پاساوی ئەم گوتارەش وێنە سلبییەکانی ڕابردووە ئەگەر بە ساختە کردنی وێنە ئیجابییەکانییش بێت، لایەنەکەی تریش ئەوان بە کاریگەری خۆرئاوایی بێ بنەما و چەواشەکردنی فیکریی گەنجان تۆمەتبار دەکات و وێنەکانی بازاڕی ئازاد، چاپەمەنی ئازاد، پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی وخزمەتگوزارییەکانی حکومەت دەخاتەڕوو. لە ڕاستییدا گەنجان زۆرجار بـەم ململانێیە دەکەونە سەرگەردانییەوە بەهۆی

ئەستەمبوون لە بڕیاری ئاراستەوەرگرتنی میانڕەوانەدا (گەنجی کاڵفام)، بەتایبەت بڕیاردانێك کە لە باکگراوندێکی مەعریفییەوە سەرچاوەی گرتبێت(گەنجی تێگەیشتوو)، یا خۆیان لە کاریگەری ململانێکان دەدزنەوە( نموونەی گەنجی بێ باك).





## گەنج و پرسی بەشداری سیاسی

گەشەسەندنی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە بنەمای بوژانەوەی ئابووری و کۆمەلایەتی دەژمێردرێت، چونکە لانی کەم بەهۆی ڕەوەندەکانی بەشداری سیاسییەوەیە کە بە سەنتەر بوونی ئابووری و گۆشەگیربوونی کۆمەلایەتی لە بەرانبەر دروستکردنی بڕیار و ڕاپەڕاندنیدا نامێنێت. نزیککەوتنەوەی هەرچی زیاتری تاکەکان لە ناوەندی سیاسی وتەعامولکردنیان لەگەڵیدا، ئاماژەکانیدیموکراتیزەبوونی بونیادەکانیکۆمەڵگە و نەریتەکانی دووپات دەکاتەوە. ئەمڕۆکە گەنجان بەهۆی دابڕانی زۆریان لەو ڕەوەندانە و بگرە لە ئاگایی سیاسی دووچاری نیگەرانییەك بوونەتەوە کە زۆر جار لەبری تەعویزکردنەوەی کە هۆکارەکانی ئاشکرایە، خەتاکەی بە شێوەیەکی ڕەها دەخەنەوە ئەستۆی حکومەت و حزبە بالادەستەکان. ئەگەر ئەم خەتابارکردنە بنەمایەکی هەبێت ئەوا زۆر پێویستە، کە دەکرێت لە شێوەی ڕەخنە و دیاریکردنی کەموکورتییەکاندا بێت و ئەمە بە گفتوگۆیەکی ئاشتییانە دەست پێبکات، بەلام خاڵی لاوازی زۆرێك لە گەنجان نەبوونی ئیرادەی ڕەخنە لەخۆگرتنە، هەر بۆیە ئەبێ ئەم ڕەخنەیە لە مراجەعەیەکی عەقڵی خودەوە دەست

پێبکات. بەشداری سیاسی لە زۆر ڕێگەوە دەبێت، چ لە ڕێگای میدیاکانەوە بێت یا لە ڕێگای دامەزراوەکان و ڕەوەندەکانی ترەوە یاخود لە گۆڕەپانە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئاستە جیاجیایانەشدا دەکەوێتە سەر توانستی فیکریی گەنج داخۆ چ کاتێك دەچێتە ژێر کاریگەرییەکی سلبییەوە وخۆی‌لەدیالۆگ دەدزێتەوە، چ کاتێك هەلومەرج لەبەرچاودەگرێت و خۆپیشاندان بە پێویست دەزانێت، یا چ کاتێك پرسی نەتەوەیی ئەخاتە پێش یا دوای پرسی تاکەکەسییەوە، هتد.

بۆ نموونە هەڵبژاردن وەکو بنەمایەکی جێگیر و وەکو پرۆسەیەکی دەوریی دیموکراسی مافێکی تاکە کە لەلایەن سیستەمی دیموکراتەوە زامن دەکرێت و پارێزگاری لێدەکرێت کە ڕێگەیەکی چارەنووسسازە بۆ بە تەنگەوە چوونی کێشە فەردیی و کۆمەلایەتیەکان، واتە هەڵبژاردن کە جەخت لە مەغزای شوناسی هاوولاتیبوونی تاك دەکاتەوە و حەقێکی سیاسییە، ئەم حەقە سیاسییە بوارێك دەکاتەوە بۆ زامنکردنی مافە کۆمەلایەتییەکانیش کە دەلالەت لە پێکهاتنی دەوڵەتی ریفاه دەکاتەوە. کاتێك سیستەمێکی دیموکرات ئەو مافەی دابین کرد ئەوا وەزیفەیەك دروست دەبێت لەسەر شانی تاکەکەسێکی





بەرپرس کە پێی دەوترێت هاولاتی، خودی وەزیفەکەش بریتییە لە وەلامدانەوەی داخوازییەکانی دیموکراسی و لێرەوە چالاککردنی نەریتە دیموکراتی و مەدەنییەکانی کۆمەڵگە. ناکرێت گەنجان تەنیا لە ڕێگەی پۆشینی مۆدێلەکانی جل و بینینی ئاپارتمانە بەرزەکان، شەقامە ڕووناکەکانی شەو و هیتر بیر لە ئامادەیی مەدەنییەت بکەنەوە، لە کاتێکدا کە هێشتا ئاسایشی ولات لە ژێر مەترسییدایە، هێشتا خێزانەکان و کەپلەکان دڵنیا نین لە ڕۆیشتن بۆ پارکی گشتی و هۆڵەکانی سینەما، تا ئێستاش زۆرێك لەو گەنجانەی تەخەروج دەکەن خۆیان لە سەرگەردانییدا دەبیننەوە وگومان لە ژیانی ڕابردوو دەکەن. زۆرێك لە گەنجانی ئەمڕۆ وادەزانن بە ڕۆیشتن لەسەر ڕەوتی دوایین مۆدێلی ئۆتۆمبێل و مۆبایل و کێشانی جگەرەی چروت ئیتر بەشێوەیەکی مۆدێرن دەژین و لەم ڕووەوە لەسەر حسابی ڕێبازێکی جیهانییانە دەژین و لایەنی نەتەوەیی و زۆرێك لە کێشەکانی لە بیر دەکەن لە کاتێکدا ئەم کێشانە گرەنتییەکن بۆ پرسە ناوەکییەکانی تر. لەم قۆناغەدا کوردستان بەرەو ئازادی سیاسی هەنگاو دەنێت ئەرکی سەلماندنی ئەم ئازادییەش دەکەوێتە سەر خەڵکانی چالاك، ئەم ئازادییە هەوەکو تۆکڤیل

دەڵێت: (ئەم ئازادییە تاکە ڕێگەیە کە بتوانێ خەڵکی لە پارەپەرستی، کێشە ڕۆتینییەکانی پەیوەست بە کاروباری شەخسیی دوور بخاتەوە تاوەکو ئەوان هەموو کاتێ بتوانن بوونی نیشتمان لە سەروو هەموو بوونێکی ترەوە هەست پێبکەن و ببینن، ئەمە تەنیا ئازادییەکە کە ئەشق بۆ رەفاه دەگۆڕێت بۆ تامەزرۆییەکی بەتینتر و کراوەتر...). بەشدارییکردنی کۆمەڵگای گەنج لە چارەسەرکردنی قەزیەی سیاسی نەتەوەکەیدا هەم لە ئاستی دەرەکی و هەم لە ئاستی ناوخۆییدا جەخت لە ئامادەیی ئەو کۆمەڵگەیە دەکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تێکڕای ئیشکالییەتەکانی تری. ئەگەر کارەکتەرەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە ڕووی سیاسییەوە بە کۆمەڵایەتی بووبێتن ئەوا هەموو تەگەرەکانی بەردەم دیموکراسی و تەوژمەکانی بۆ چڕکردنەوەی گیروگرفتەکانی توێژێکی کاریگەر لە توێژەکانی کۆمەڵگا بوونیان لە دەستداوە، ئەگەر خوێندکارێك کەسایەتییەکی سیاسییشی نەبێت بێگومان ناتوانێت گەندەڵییەکانی زانکۆیەك بنەبڕ بکات، چۆن ژنان دەتوانن کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکەن لە کاتێکدا کە بێ ئاگان لە بڕیار وپرۆسە سیاسییەکان وچاوەڕێی گفتاری پەرلەمانتارێك دەکەن. ئایا گەنجێك هەیە





خەون بە دەستهێنانی باشترین کاری گونجاو بۆ بڕوانامەکەی نەبینێت؟ گەنجێك هەیە بیر لە زۆرترین ساعاتی سەرگەرمی و ڕێست نەکاتەوە، نەیەوێت مۆدێرنترین شانۆی و سینەمای مۆدێرن لە شارەکەیدا نەبێت؟ ریستۆرانتی کراوەتر و پارکی گشتییتر لە وڵاتەکەیدا نەبێت؟ ئەمانە ئەو بەهایانەن کە بەبێ هەنگاو نان بەرەو سەردەمێکی مۆدێرنتر و مەدەنییتر هیچ بنەمایەکیان نابێت، بەبێ هۆشیاربوونەوەی سیاسی تاك و دواجار بەشداربوونی لە ڕەوەندە گشتییەکانی کۆمەڵگەدا هیچ تەعبیرێکی مەدەنییان نییە. پێویستە گەنج ئەوە بزانێت تەنیا لە ڕێگەی چوونە ناو پرۆسە سیاسییەکان و شکاندنی سەنتەرەکانی ئەو پرۆسانە و ستاندنەوەیان لە هەندێ شەخسی مۆنۆپۆلیست، ئاسایش دابین دەکرێت، تیرۆریزم ومەترسییەکانی لەناو دەچن، دیموکراسییەکی کارتۆنی دەبێتە زۆرترین چانس بۆ چالاکترین توێژەکانی کۆمەڵگا. لێرەوە گەنجی خۆشگوزەران دەبێت ئەوە بزانێت، هەر وەکو(ئەنتۆنی گیدنز) دەڵێت: کە هەرچەندە بەجیهانییبوون دەلالەت لە کۆمەڵێکی جیهانی دەکات، بەڵام نایهێنێتەکایەوە، بۆیە خۆرئاوا ناتوانێت جیهانی خۆی بە مێژووەکەیەوە پێشکەش بە ئێمە بکات و تەنیا لە ڕێگەی هەوڵی

ناوخۆییەوە دەتوانین جیهانێك دروست بکەین. تۆ دەتوانیت وەکو کچێکی ئەمریکی قۆڵ بخەیتە قۆڵی هاوڕێ کوڕەکەت، بەڵام هەرگیز ناتوانی وەکو کچە کوردێك لە توندڕەوی، نەریتگەرایی و گومانی خراپی کۆمەڵگەکەت ڕزگار بیت، ئەتوانیت ئۆتۆمبێلی فۆرد لێبخوڕیت لە بارێکدا کە هەموو کاتێك ئەگەری تەقینەوەی ئۆتۆمبێلەکات لە ئارادایە. چۆن کێشەی ئاو وکارەبا چارەسەردەکرێت کاتێك گەنجان تەنیا خەفەتی هەبوونی ئەو کێشانە بخۆن و هیچی تر، کاتێك بەشدارنەبن لەو خەمانەدا کە بە پلەی یەك خەمی ئەوانە. ئێمە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیشدا نەژین ئەوا لە ڕێرەوەکەیداین، بەڵام هەست دەکەین لە ڕێرەوێکی تریشداین، واتە ئەو ڕێرەوەی کە ریمۆن ئارۆن ئاماژەی پێدەکات : (لە کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا، مەیلی دەوڵەمەند بوون بەهەرجۆرێك بێت، عەشقی بەدەستهێنان و قازانجکردن، سۆراخکردنی خۆشگوزەرانی وچێژە ماددییەکان برەویان هەیە، ئەم مەیلانەش پەیتا پەیتا لەناو هەموو چینەکاندا بلاّودەبێتەوە و دواجار چینە نامۆکانی ئەم مەسەلانەش دەگرێتەوە، وەك بڵێی هیچ ڕێگرێك لە ئارادانییە، کە بەزوویی خەڵکی تەمبەڵ دەکات وهۆکارەکانی لادانی





نەتەوەکان دابین دەکات. هەرچۆنێکیش بێت یاریدەدەر و زەمینەکانی پەیدابوونی ئەم مەیلانە شتێکە لە خودی دیکتاتۆرییەتدا شاراوەتەوە.)کەواتە کارکردن لە بوارەکانی دیموکراسییدا تەنیا بۆ مەبەستی خۆشگوزەرانییەکی پەتی نییە ئەوەندەی پاراستنی میکانیزمەکانی ئەو ئامانجەشی لە پشتە، ئەگەر توێژەکانی کۆمەڵگا ویستی دابڕان لە خودئاگاییان نەبێت ئەوا نابێت بڵێن سیاسەت کاری ئێمە نییە، بگرە سیاسەت کاری هەموو تاکێکی نیشتمانییە. دابڕانی سیاسەت لە کۆمەڵگا جگە لە چەمکە پەتییەکانی رعیە و مێگەل هیچی تری لێناکەوێتەوە. پێویستە ئەوە بزانرێت کە چارەسەربوونی کێشەی نەتەوەیەکیش، نەك هەر چارەسەری کێشەی چین و توێژەکانی ئەو نەتەوەیەشی بەدواوە دەبێت بگرە ئەوکێشانەی تریش خۆیان دەسەلێنن کە بوونیان نەبووە یا فەرامۆش کراون، بگرە کێشەی تر دروست دەبێت بۆ گفتوگۆ لەسەر کردن. دواجار غایب بوونی گەنج لە بواری سیاسییدا زیاتر لە دوو ڕێگەوە دێت، یەکەم لە گرێیەکی سایکۆلۆجی پەیوەست بە ڕابردووەوە و لە لایەکی ترەوە لەو وێنە خەیالاّوییانەوە کە کاریگەرییەکی دەرەوەی خودئاگایی ئەو دروستی دەکات و ئەنجامەکانیش ئاشکران کە ڕقێکی

کۆمەلایەتی لای ئەو کارەکتەرە دروست دەکات. گرنگترین شتیش کە ئەم کەموکورتییانە نەهێلێت دارشتنەوەی بنەما مەعریفییەکانە بۆ چاوخشاندنەوە بە رابردوو و کارکردن بۆ ئەمرۆ و ئایندە بەو مانایەی کە گەنجان درك بە هۆکارو میکانیزمەکانی گەیشتن بە ئامانجەکانیان بکەن و بە شێوەیەکی هەرەمەکی نەپەرژێنەسەر کێشەکان.





## کاریگەری کەلتووری عیراقی لەسەر گەنجی کورد

رەنگە یەکێك لە سلبیاتەکانی کەلتووری عیراقی بۆ سەر گەنجی کورد هەمان ئەو بەرەنگارییە بێت کە ئەو کەلتوورە لەسەردەمی دیکتاتۆرییەتی بەعسدا و بەتایبەت لە دوای جەنگی ساردەوە هەیبووە بەرانبەر رەگەزە ئیجابییەکانی بەجیهانیبوون. لێرەدا مەبەستمان لە کەلتووری عیراقی، کەلتووری بەعس لە بونیادی سیاسی و کەلتوورەکانی پەراوێزییەتی لەبونیادی کۆمەلایەتییەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، لەبەریەك هەلوەشانی بونیادە سیاسییەکەش، کەلتوورەکانی پەراوێز لە پاراستنی کاری خۆیان و هەولدان بۆ هێشتنەوەی کاریگەری ئەو بونیادە سیاسییە بەردەوام دەبن. ئەو گەنجەی بە کەلتووری عیراقی پەروەردە بوو، کارەکتەرێك بوو کە لە دونیای دەرەوە، تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنەکانی بێبەش کرابوو و لەناو فەرهەنگێکی ساختەی قەتیسکراودا دەژیا. گەنجی عیراقی ئەگەر بەشێوەیەکی لائیرادیش بێت و لە چواردیواری کۆنکریتیشدا نەبێ ئەوا لە زیندانی کەلتووردا گەورە بووە وکاردانەوەی ئەم کەلتوورە کە رۆلی هەبووە لە پێکهێنانی ئەو کارەکتەرەدا زیاتر لەو کاتەدا

دەردەکەوێت کە بەرخورد لەگەڵ کەلتوور یا وردە کەلتوورەکانی تر دا دەکات.

جیابوونەوەی دوو کەلتوور کە بەزۆر و بەهۆی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی تەواوی سنوورە نەتەوەییەکانی جوگرافیای عیراق بەیەکەوە لکێنرابوون، بۆ ماوەی دەیەیەك و لە زۆر ڕووەوە گەنجی کوردی لە سەرگەردانی دوور خستەوە " گەنجێك کە بۆ یەکەمین جار توانی بەهاکانی، لە کەلتووری خۆیدا سۆراخ بکات، ئازادانە بە زمانی خۆی بدوێت و بنووسێت، بیروباوەڕی خۆی چاوپێدابخشێنێتەوە و ڕەخنەی فەرهەنگی بەرانبەر بکات، بە ئەقڵییەتێکی ئامادەباش بێتە گۆڕەپانی کۆمەڵگەوە کە نیەتی شکاندنی سانسۆرە نەریتییەکانی ئاغا و ردێن سپی هەبێت لەلایەکەوە و لەلایەکی ترەوە هەوڵبدا بەشداربێت لە بنیاتنان و دەسکاریکردنی سیستەمی سیاسی خۆجێیی. دواجار لە سۆنگەی کەلتووری کوردییەوە پنتەکانی کەلتووری تاکەکەسی بدۆزێتەوە. گەڕانەوەی کەلتووری عیراقی بەشێوەیەکی گشتی و لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بۆ ئاقاری کەلتووری کورد ، ئەگەرچی ئەم جارەیان بەنیازی پێکەوەژیانی مەدەنی و بە پاساوی پێدانی شوناسی نێودەوڵەتی بێت، ڕووبەڕووی سەرسوڕمانی گەنجی کورد





بووەوە، ئەمەش لانی کەم بەو بەڵگەیەی کە ئەم کەلتوورە کۆمەڵێك پێشنیاری هەژموون ئاسای هەیە" کۆمەڵە پێشنیارێك کە گەنج ناچار ناکات بەڵکو وایلێدەکات ناچار بێت دەست و پەنجەیان لەگەڵ نەرم بکات، بۆنموونە: بەرخوردکردنی بەردەوام لەگەڵ ئەمری تاك ئایینییدا(کە ئایینی ئیسلامە وەکو شەرع نەك وەکو سروتێك)، فێربوونی زمانی عەرەبی، کارلێکی عەرەب و کورد لە بوارەکانی گەشت وگوزار، کارکردن، خوێندن و دواجار ئاڵۆزکردنی چەمکە نێوانە کەسییەکان. گەنجی عیراقی مرۆڤێکی بێ ئومێد و بێخەون بووە، چونکە بێ ئاگا و نابێداربووە و تەنیا لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە ئەگەرێك هەیە بۆ کارکردن لەسەر بنیاتنان و خستنەگەڕی چەمکی خەون. گەنجی عەرەب لە عیراقدا چی دەربارەی ڕێکخراوە مەدەنی و ڕکابەرەکانی گەنجان و ململانێیان لەگەڵ دەسەڵات دەزانێ؟! لە کاتێکدا گەنجی کورد بە وەرچەرخانی خەوندا تێدەپەڕێت" لە خەونی کوردستانی ڕزگار و ئازادی پێش ڕاپەڕینەوە بۆ کوردستانێکی مەدەنی دوای ڕاپەڕین. ئایا گرەنتییەك هەیە کە گەنجی عیراقی بە هاتنە ناو فەزای کەلتووری کورد تووشی تێکەڵاوکردنی ئەو بەها مرۆییانە نابێت کە لە فەزای عیراقی

دیکتاتۆرییەتدا وێنەیەکی تریان پێدرابوو؟ لەم بارەدا کەوابێ چی ڕوودەدات؟! لێرەدا مەبەستم نییە شەرعیەتی ڕەها بدەم بە کەلتووری کورد بەڵکو مەبەستمە ڕاڤەیەکی گۆڕان و جیاوازییەکەی بکەم کە ڕەنگە فیدراڵیزەبوونی کەلتوور لە پێشدا توانا مەعنەوییەکانی بزاڤێکی چالاکی وەکو گەنج لاواز بکات، دونیابینی بگۆڕێت و وایلێبکات زیاتر وەکو تاکێکی عیراقی خۆی ببینێتەوە کە لەوانەیە زوو، هەم لە دۆخی هەبوو و هەم لە پێشبینییەکانیدا درکی پێنەکردبێت، بەتایبەت گەنجی دوای ڕاپەڕین کە بەتایبەت لەڕووی بایۆلۆژییەوە وبەگشتی لەڕووی بیرکردنەوە جیاوازە. بەرەنگاری کۆنینەی کەلتووری عیراقی بەرانبەر جیهانیبوون، لە دوای هەڵوەشانی بێ چەندوچوونی سنوورەکانی ئەو کەلتوورە، بووەهۆی شۆکبوونی. بەشێوەیەکی گشتی، دەستگەیشتنی کتوپڕی گەنجی عیراقی بە مۆبایل و بینینی سکرینە فەزاییەکان تەنیا بەشێوەی کردارێکی ئەبستراکت بوو و گۆڕانێکی وەهای لە فەرهەنگی ئەو گەنجەدا دروست نەکرد بەرانبەر ئەو ئامرازانە، بەرانبەر بوونی پەیوەندی گەردوونی نێوان تاکەکان، دەربارەی پرسی قۆناغبەندی و ئاگایی مێژوویی پێشکەوتن ، لەمەڕ مۆرکی فیشاڵی سیستەمی





سیاسی و نەریتی و هتد. ئەگەر لە کتێبخانەی کوردییدا بوژانەوەی کتێب بە ئاقاری ئاشنا بوون بە ڕووناکبیری جیهانی ببینین و ئامادەییەك هەبێت بۆ وەرگێڕانی ئەو ڕووناکبیرییە و خوێندنەوەی لەلایەن گەنجەوە، ئەوا کەلتووری عیراقی و دەزگاکانی هێشتا  نفوزی زنجیرەی هاری پۆتەر بە غەزوی ڕووناکبیری وێنا دەکات. کارەکتەری عیراقی دەمێکە هەڵگری مەعریفەی ئەو کتێبخانە تۆز لێنیشتووانەیە کە تەنیا لە نەریتی عەسکەرتارییەت و پەروەردەی فاشیزم دەدوێن، تەنیا بینەری ئەو کەناڵە خۆجێییانە بووە کە گوتاری دۆگماتیزمیان ئاراستە دەکرد. تۆتالیتاریزەبوونی سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکدا بە تۆتالیتاریزەبوونی کەلتوور دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت، هەربۆیە ئەگەر ئەم سیستەمە سترەکتۆرێکی کۆنکریتی و جێگیر بێت کە بۆ ڕووخاندن سانا بێ ئەوا بونیادی کەلتووری تەنیا بە تێپەڕینی بەگۆڕانی درێژخایەندا پاکتاو دەبێ، چ جای ئەوەی کە لە ڕیشەوە گۆڕان یا گۆڕینی ئەستەمە. ئەگەر کوێخاکانی ئێمە بە هۆی بچوکی پێگەی جوگرافی، کاریگەری بەرفراوانی جیهانیبوون و بەئاگاهاتنەوە کەمێك کارتێکراو بووبن ئەوا  چ شتێك گۆڕان لە ئەقڵییەتی ئەو شێخە عەشائیریە

بێ ئاگایانەی سەحرا دروست دەکات کە لە هۆڵەکانی پەرلەماندا لەبری گەنج و لەسەر گەنج نوێنەرایەتی دەکەن؟ لەمڕۆدا لەسەر گەنجی کورد پێویستە نەك لە ئاستی هەرێمییدا بەڵکو لەسەر ئاستی عیراقیشدا هۆشیار بێت و بەحەزەرەوە تەعامول لەگەڵ ئەو کەلتوورە بکات کە ئەگەرچی ڕەگە زەمینییەکانی قرتێنراون، بەڵام ڕەگە هەواییەکانی لەدەست نەداوەو هێشتا ئەو بوونەی هەیە کە ڕژێمێکی ڕەگەزپەرست و کوشندە بە درێژایی دەیان ساڵ کاری لەسەر فۆرمەلەکردنی دەکرد، لانی کەم ئەوان دەتوانن ڕۆژانە وبەشێوەیەکی ئەزموونی دەرەنجامە سلبییەکانی ئەم کلتوورە بۆ یەکەمین جار یاخود بۆ جارێکی تر ڕێکەوت بکەنەوە!





## بەجیهانیبوون و کێشەی گەنجان

ڕاپەڕین و کۆڕەو ئەو دوو ڕەوەندە گشتگیرە بوون کە بە تایبەت کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر گەنجی کورد و بۆ جارێکی تر خستیەوە ناو پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوونەوە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان وهەم لە ئاستی خۆجێیی و هەم لە ئاستی دەرەکییدا گۆڕانی لە کەسایەتی، بیر وتێڕوانین و ڕەفتاردا دروست کرد. چونکە پرۆسەکانی بە کۆمەڵایەتیبوون تەنیا پرۆسەیەکی ئاسایی ناو خێزان، قوتابخانە، شوێنە گشتییەکان و کەناڵەکانی میدیا نییە بەڵکو هەندێ حاڵەتی کتوپڕ کە بە نسبەتتاکەوە نامۆن دروست دەبن و بە توندی کاری تێدەکەن " لەوانەش: شەڕی ناوخۆ، زیندان، کۆچ بۆ شوێنی دوور، چوونە نەخۆشخانەی دەروونییەوە و ئەمانە بە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیی بوونەوە( Re-(socialization ناودەبرێن. بۆیە قۆناغەکانی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین دوو مۆدێلی گەنجمان پێشان نادات

که له ڕووی بایۆلۆجییەوە جیاوازن بەڵکو ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چۆن گۆڕان لە فەرهەنگ و ڕەفتاری ئەوانیشدا ڕوودەدات بەهۆی گۆڕانی دەوروبەرەوە. ئەمڕۆکە هەر ڕووداوێك کە لە پنتێکی دوورەدەستی ناوچەییشدا ڕوبدات زۆر جار ناچار دەبین خوێندنەوەیەکی جیهانی بۆ بکەین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری بەرەوپێشچوونی وڵاتانی خۆرئاوا یا ئەمەی کە بەجیهانی یەکەم ناودەبرێ لەلایەکەوە و لەلایەکی ترەوە بەهۆی تەدەخولکردنی دەوڵەتەکانیان لە جیهانی سێ بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری ئەو پێشکەوتنە. ئەمڕۆکە گەنجی کورد یەکێکە لە قوربانییەکانی ئەو ڕەوەندانەی کە ڕاستەوخۆ لە بەجیهانیبوونەوە نین بەڵکو لە بەرخوردێکەوەن کە بەجیهانیبوون دروستی دەکات و دوو هۆکار زیاتر وا دەکات کە: أ-بێ بیرکردنەوە و وردبوونەوە لە هەلومەرجی خودی و بابەتی، ببنە بابەت (object)ی ئەم ڕەوەندانە. ب-جیاکاری نەکەن لەنێوان پۆزەتیڤ کۆنترۆڵنەکراوەکان و نێگەتیڤە بەرەنگاری کراوەکان.

**هۆکاری یەکەم:-** نەبوونی فلاشباك وباکگراوندێکی مەعریفی و لەم ڕووەوە هەرەسهێنانی بەرنامەکانی پلان و ئیشکردن.





**هۆکاری دووەم:-** گەنجی کورد لە ژێر هەندێ کاریگەری کارتێکراودا هەڵسوکەوت دەکات.

کارەکتەری گەنجی کورد کارەکتەرێکە بەردەوام لە ژێر کاریگەری ململانێیەکی کەلتووریدا هەڵسوکەوت دەکات بۆنموونە: ململانێ و بەریەککەوتنی کەلتووری شۆڕش لەلایەکەوە، بێ ئەوەی لەناو ڕووداوەکانییدا بژیت و کاریگەرییەکەشی بەرهەمهێنانی وێنەی شێواوە لە خەیاڵدانییدا، لەلایەکی ترەوە کەلتووری عیراقی کە وێڕای هەبوونی پێشینەیەك لە زەینی ئەو کارەکتەرەدا، جارێکی تر گەڕایەوە ئاقاری کۆمەڵگاکەی، یەکێك لەو وێنە لێڵانەش تەنیا بە ئەهریمەنکردنی شۆڕش و بزووتنەوە سیاسییەکانی نییە بەڵکو زۆرجار وێنەی فیردەوسی سەردەمی بەعس و کەلتووری عیراقییە بە شێوەیەکی گشتی، یاخود پێچەوانەی موتڵەقی ئەم وێنانەیە. لە ئاستێکی قوڵتردا " بەرخوردی نەریتگەرایی کە داوای پابەندێتی و بێ دەنگی لێدەکات و پێشکەوتنخوازی کە زیاتر فەرهەنگی گواستراوەی بەجیهانیبوون دەیسەپێنێت و بە هەلومەرجی خودیی وبابەتیی کۆمەڵگەکاندا تێپەڕ نابێت.

بێگومان نائامادەیی گەنج لە ڕووداوەکانی ڕاپەڕین و کۆڕەودا، بە مانای دابڕانی ئەو وێنانە نییە لە زەینی ئەودا ئەگەرچی ئەم وێنانە شێواو یا پێچەوانەش بن و کۆپی وێنە دروستکراوەکانی ئەوانیتر بێت. مەبەستم ئەوەیە بڵێم یەکێك لە شەڕەکانی ناو ڕووناکبیری ئێمە گەمەکردنە بە وێنەکانی ڕابردووی شۆڕش وشەڕ کە لایەنێکیان بتوانێت گەنجان هانبدات لە دەسەڵات و لایەنەکەی تر بیانپرنگێنێتەوە بەو فیڵەی گەنجان هیچ فلاشباك وباکگراوندێکیان نییە پەیوەست بە ڕابردووەوە و لێرەوە بتوانن تەحەکومیان پێوەبکەن. گوناهێکی گەورەیە حکومەت وا دەریبخات کە وەلاّمدانەوە بۆ داواکانی پەیوەست بە سەرەتاکانی ژیانی ڕۆژانەی گەنجانی خوێندکاروەکو سوتەمەنی و یاخود لابردنی مامۆستایەکی جاهیل لە کۆلێژ بخاتە چوارچێوەی دابینکردنی ئیمکانیاتی ئازادی، چونکە ئەمە دەچێتە بازنەیەکی سنووردارتر لە ئازادییەوە کە مافە، لەم ڕووەوە وا باشترە حکومەت لایەنی تیۆری کێشەی گەنج لەبەرچاوبگرێت. نوسەرێك یا گروپێکی کارتێکراو بە ئەقڵیەتی خۆرئاوا دێتەسەر سەکۆی گەنجان و بۆیان باسی حەماسەتی خوێندکارانی ڕووداوەکەی ١٩٦٨ی دوای ڕۆشنگەری دەکات! کە





وێڕای بوژانەوەی ئەقڵ و ڕەخنەی شۆڕشی ١٧٨٩، هێشتا ئەو ڕووداوە گرنگەی شەستەکانیش جێی ڕەخنەی بیرمەندانی وەکو (ئارۆن) و (شتراوس) بوو لانی کەم بەهۆی بێ نەزمییەکەیەوە. نوسەرێکی وەها چاوەڕێی چی لە کاولاشێکی ژێر هەڕەشەی دەوروبەر وناوخۆی کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەلاّتی دەکات کە گەنجەکانی تەنیا بە گووتارەکەی ئەو (بە ئاگا)بێنەوە؟ یا ببنە قوربانی هۆشیارییەکی خودیی کۆنترۆڵکراوەوە و ئەوانیش ببن بە قارەمانی کۆمەڵگا؟ کوا بۆ جارێکیش بکەرانی ڕووناکبیریی کوردیی ئەوەندە کارلێکیان لەگەڵ گەنجاندا هەبووە، ئەوەندەی فرۆشیاری غرور و زانیارییەکانی ناو کتێب و محازەرەکانی خۆیان بوون لە بەرانبەریاندا. بێگومان هیچ نوسەر و ڕووناکبیرێکی کورد نیە ئەوەندەی گەنجان خۆیان ئاگاداری کێشەکانیان بێت، بە مەرجێك گەنجی کورد لە تەڵەزگە کەلتوورییەکانی ناوخۆ و خۆرئاواش بێتە دەرەوە. گرفتی نەریتی کەلتووری کوردییش لە بەها زاتییەکەیدا نییە بگرە زۆر جار نەریتەکان پێویستیشن، بەڵکو گرفتەکە ئەوەیە هەروەکو (ئەنتۆنی گیدنز) دەڵێت" کە هێزگەلێك هەن هەوڵدەدەن نەریتەکانی کۆمەڵگە بەشێوەی نەریتی بنیات بنێنەوە، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ چەکەرەکردن و

بزووتنەوەی فەندەمێنتالێزم" هەروەها گەنجی کورد بۆئەوەی سەرکەوتووبێت لە خستنەڕووی کێشەکانی، ئەوا نابێت لە ڕەهەندی سکرین و هێڵە جیهانییەکانی خۆرئاواوە بڕوانێتە چەمکی کێشەو لەم ڕووە حوکمی لەسەر بدات. کارکردن لەسەر چەمکی کێشە لە سۆنگەی بەها مێژوویی و قۆناغبەندەکانی خۆرئاواوە وەکو پیادەکردنە کەلتوورییەکە نییە"وەك پۆشینی تیشێرت و جینزی ئەمریکی و سواربوونی ئۆتۆمبێلی فۆرد نییە، نە وەکو دروستکردنی ئەو غرور و خەیاڵە سەرمایەدارییە ڕەمزییەشە کە بەهۆیەوە ناتوانێت توانا ئەقڵییەکانی لانی کەم لەبەرانبەر دەسەڵاتی خۆجێیدا بخاتە ڕوو و خۆی لە واقیعی کێشەو کێشەکانی واقیعی خۆی بدزێتەوە. بۆ نموونە، پێویستە ئەو کارەکتەرە بەر لە پڕانە سەر ئامرازەکانی سەرگەرمی لایەکی وردبوونەوە لە دەستوور بکاتەوە بۆ بەشدار بوون لە مافی چارەنوس وەکو گەنج و وەکو ئایتمێکی نەتەوەکەی ومینبەرێك دروست بکات بۆ گفتوگۆ. زۆر گرنگە ئەو کارەکتەرە لە سۆنگەی خودئاگاییەوە بپڕێتەسەر سیاسەت، ئەگەر بەمەبەستی تێکەڵاوبوونیش نەبێت ئەوا بۆ بەشداری لە قسەلەسەرکردن و ڕەخنەگرتن لەبری ڕەتکردنەوەی ڕەها. پەرەسەندنی سیاسی





بنەمای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی وئابوورییە، تاوەکو تاکەکەس لەڕووی سیاسییەوە بەکۆمەڵایەتی نەبێت ناتوانێت ئەو نەریتانە تێکبشکێنێت کە بەردەوام بەشێوەی نەریتی بنیات دەنرێنەوە وبەر لە هەر شتێك بەربەست لەبەردەم هۆشیاری گەنج دروست دەکەن، وێنەیەکی شێواو لە ماهیەتی کێشە دەخەنە زەینییەوە، ناهێڵن بەشێوەیەکی سیستماتیك کێشەکانی بخاتەڕوو وکاریان لەسەر بکات.سەرەنجام :

١- ساختەیی تەنیا لە گووتاری کەلتووریی خۆرئاوادا نییە کە وێنەی بەها و کردارەکانی لە واقیعی کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەلاتی بیّ کیاندا پێچەوانە وەردەگیرێت، بەڵکو لە ئاگایی ئەو گووتارە خۆجێیانەشدایە کە کارتێکراون بەو وێنانەو هەلومەرجی خودیی و بابەتیی کۆمەڵگا ڕەچاوناکەن.

٢- دەسەڵاتی سیاسی بایی پێویست وەڵامگۆ نییە بەرانبەر کێشە گومان هەڵنەگرەکانی گەنجان لەسەر حسابی هەڵە ڕاگوزەرەکانیان و نە بە شێوەی دیموکراتیك دانیشی ناوە بەهەبوونی ئەو کێشانە.

٣- مەلا وعەشائیر هێشتا بەردەوامن لە دۆگماتیزەکردنی مێشکی گەنجان و کۆتکردنیان بە نەریت. گرفتەکەش هەروەکو وتمان بە نەریتی کردنەوەی نەریتی شلەژاوی دەستی بەجیهانیبوونە.

٤- وێڕای ئامادەیی هێشتای لە زەینی گەنجدا، پراکتیسکردنەوەی بەرخوردی دوو وێنەی فەرهەنگیی شێواو لەلایەن دەسەلاَت ودژەکانی جگە لە سەرگەردانکردنی گەنج شتێکی تر بەرهەم ناهێنێت، وەکو وێنەی پێش-پاش ڕاپەڕین، بەرلە-دوای شەڕی ناوخۆ. ڕەنگە گەنجێك کە لە ڕووی بایۆلۆجییەوە تازە پێگەیشتووە، بە قسەیەکی ڕەهای ڕووناکبیرێکی دژە دەسەلاَت یا لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنو بە بیرخستنەوەیەکی پێش ڕاپەڕین یا دوای شەڕی ناوخۆ، وێڕای بێبەشکردنی لە خودئاگایی، لە هەڵسەنگاندن یا بەشداریکردنی چالاکییەکی سیاسی دووری بخاتەوە.





## ڕاپەڕین ونەوەکان لە تێڕوانینێکی تردا

بۆ دوان لە چەمکی نەوە ئەگەرچی ناساندنیشی ئاڵۆز وزەحمەت بێت لەبەرچاوگرتنی لایەنی تیۆری پێویستە بەر لەوەی قسە لەسەر واقعییەتەکەی بکرێت. "نەوە" و"گەنج" هەندێ جار لە قسەکردندا ئاگایانە بێت یا ناخودئاگایانە تێکەڵی یەکتری دەکرێن. گەنج نەوەیەکی دیاریکراو نییە، نەوە گروپێکی کۆمەلاَیەتییە لە زەمەنێکی دیاریکراودا ولە سنووربەندییەکی کۆنکریتییدا قەتیس ناکرێت کە بەردەوام لە ململانێیەکی گروپێکی پێش خۆیدایە، لێرەوە نەوەی کۆنی هونەرمەندان، نەوەی ئەدیبانی حەفتاکان یاخود دەتوانین بڵێین نەوەی نوێی گەنج ڕاستە. دەشێت "نەوە" ڕەهەندی سۆسیۆلۆجی وبایۆلۆجی هەبێت: واتە گەنج وپیر بگرێتەخۆ کە شوناسی نەوەیەك کۆیان دەکاتەوە. گەنجانیش لە هەموو سەردەمێکی کۆمەلاَیەتی، سیاسی وفەرهەنگییدا داینەمۆی نەوەکانن. لە مێزگردەکەی

(کوردستانی نوێ)دا جۆرێك لە تێکەڵکردن لە قسەکانی مامۆستا شێرکۆ بێکەسدا دەردەکەوێت. ئەو لە سەرەتای قسەکانی، لە شوێنێکدا دەڵێت:" بۆ نموونە ئەگەر ئێمە وایدابنێین یەکێك لە ساڵی ١٩٩١دا واتە لە کاتی ڕاپەڕیندا لە دایك بووە یان پێنج شەش ساڵی منداڵی بەر لە ڕاپەڕیندا هەیە، مانای وایە ئێستا نەوەیەك هەیە کە تەمەنیان لە دەوری ٢٤و٢٥ ساڵە.." دواتر دەڵێت:" واتە بەلای منەوە ئەوەی کە نەوە دەستنیشان دەکات مەسەلەی ئەقڵ وبیرکردنەوەیە، هەیە بە تەمەنە، بەڵام بە بیرکردنەوە گەنج.." من هیچ لارییەکم لەو دەستەواژانە نییە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە لەم ڕووەوە مامۆستا وای دەبینێت تاکێك کە گەنج بێت(چ بە تەمەن گەنج بێت یا بە بیرکردنەوە) ئەچێتە بازنەی نەوەیەکەوە. ئەو پێی وایە بۆ ئەوەی نەوەیەکی دیاریکراو بین بەکۆی گوتار وتێڕوانین وکەلتووری جیاوازەوە ئەبێت (گەنج) بین.

ئەی ئەوانەی وەکو خۆی ئەڵێت گەنجن وعەقڵێکی پیریان هەیە، بەڵام لە بوارێك ولە سەردەمێکدا (ئیش)دەکەن؟ یاخود بە دەربڕینێکی تر ئەگەر پرسیارەکە ورد بکەینەوە ئەقڵی پیر کامەیە وبە چ پێوەرێك لە نەوە ئەکرێتە دەرەوە؟ ئەو ڕوونی





ناکاتەوە بیرکردنەوەی گەنجانە چییە، بۆ ئەوەی بکرێت قسە لە سەر بیرکردنەوەی ناگەنجانە بکەین وهۆکارەکانی مەحروم بوونی لە نەوەیەك بزانین. لە ڕاستییدا تاکە ئەکتیڤەکان چ کۆن یا نوێ خۆیان لە نەوەیەکدا لە ململانێ وگفتوگۆدان وهەر ئەمانە مۆرکی "کۆن" یا "نوێ" بوون ئەبەخشنە ئەو نەوەیە، ئەمەش دوای یەکلایی بوونەوە لەگەڵ نەوەیەکی پێش خۆیاندا. بێگومان ڕەوەندی ڕاپەڕین نەوەیەکی نوێ ناهێنێتە کایەوە وبەناچار خاڵی یەکتربڕینی نێوان دوو نەوەیە.

ڕاپەڕین ڕێك هۆکارێکی لێڵکردنی شوناسی نەوەیەکە، چونکە ململانێیەکی ناسراوە نییە، ئەوەشی کە هەیە لەنێوان نەوەیەکی ڕابردووی ئەمڕۆ(سیاسەتمەدارانی دەسەڵات) ونەوەی بەرهەمهاتوو لە هۆشیاری ڕاپەڕینەوە کە ڕەعیەتەکانی ئەو دەسەڵاتەیە. ئەم نەوەیەش هەروەکو جەمال حسێن ئاماژەی پێکردووە لەخوارەوەی ناوەندی دەسەڵات وبڕیارداندا ماوەتەوە وتەنیا کاری پەیڕەوی کردن لە گووتارەکەیان بووە. دەکرێ لەم ڕووەوە دوو پرسیاری بنەڕەتی بکەین:

١- گرووپینەوەی نوێ بەبێ هەبوونی کاتیگۆریی(Category) لە زۆربەی بوارەکانی وەکو هونەر، ئەدەب، ڕێکخراوەی کۆمەلاّیەتی،..هیچ شوناسێکی جێگیری نییە، ئەی چۆن دەتوانێت خۆی لە گرووپێکی پێش خۆی جیا بکاتەوە ولەوەش زیاتر بچێتە خانەی دیالۆگ وکێشمەکێشەوە؟

٢-ئایا ئەو گفتوگۆ وململانێیەی کە لە دوای ڕاپەڕینەوە بە شێوەیەك لە بەرانبەر گووتاری پێش ڕاپەڕیندا بوونی هەیە، دەتوانێ لە فۆرمی نەوە یا هەر گرووپێکی تردا و بەتێکڕای تیۆرە وکێشەکانییەوە خۆی بسەلمێنێت؟

ئەوەی لە خاڵی دووەمدا ئاماژەم پێکردووە هەمان ئەو مەبەستەی ئاسۆس هەردی یە کە نەوەی دوای ڕاپەڕین خاوەنی گوتارێکی ڕێکخراو و دنیابینییەکی تایبەت نییە. بۆیە ئەو چەمکەی لێی دەدوێین نەك هەر لە خۆیدا ڕێژەییە بەڵکو لە واقیعی کوردییدا تووشی شۆکێکی تیۆرییمان دەکات وئەگەر لە گرفتی ناونانیش خۆمان ڕزگار نەکەین ئەوا دەبێت لەم زەمەنەدا زیاتر چاوەڕێ بکەین بۆ ئەوەی نەوەیەکی نوێی خاوەن پێناسمان هەبێت. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو کەمایەسییەش بە پلەی یەك لە نەبوونی سیستەمێکی سیاسییدا دەدۆزرێتەوە کە





نەبوونی لە ماوەی ئەو دەیەی ڕابردوودا زیانی بە بوارەکانی ئابووری و کەلتووری وکۆمەلاّیەتی گەیاندووەو نەك هەر گەشەسەندنێکی وەها ڕووی نەداوە بەڵکو لە هەندێ ڕووەوە سیماکانی حکومەتی ڕووخاوی تیادا دەبینرێتەوە، بەمەش هێزە چالاکەکانی کۆمەڵگا ئەو بوارەیان بۆ نەرەخساوە کەجیاوازبوونی خۆیان بسەلمێنن.

ئەو پێشەکییەی عەدالەت عەبدوڵلا قسەی لەسەر کردووە زیاتر لە ڕەهەندێکی سیاسییەوەیە، بەلاّم ئەمە واقیعییەتی نەوەکانی کۆمەڵگای کوردییە، دوو نەوەی ناتەواو هەیە و تەنیا ڕەهەندە سیاسییەکەی بەرجەستە بووە ; نەوەی ڕابردوو لە هەموو بوارەکاندا کارا نەبووە لە زەمەنی خۆیدا وهێشتا پرۆژەکانی بەشێوەیەك لە شێوەکان بەردەوامە، چونکە هەروەکو وتم ڕاپەڕین تەنیا خاڵی یەکتڕبڕینە وشوناسی نەوەکانی لێڵ کردووە. هەرچی ئەوەی کە بە نەوەی دوای ڕاپەڕین وێنا دەکرێ ئامادەیی دەسکارییکردنی ڕێسا وسیستەمی ئەو نەوەیەی پێش خۆی نییە نە خۆیشی بەرنامە وپلانی دیاریکراوی هەیە. لێرەدا بە کورتی لەو واقیعەی نەوەکان لە کۆمەڵگای کوردییدا دەدوێم:

## نەوەی دەسەڵاتدار- نەوەی پاش ڕاپەڕین

### گوناه وبێ دەرەتانی:

دوای ئەوەی هێزە سیاسییەکانی کورد لە دوای ڕاپەڕین کەوتنە دۆخی خۆسازدانەوەی لە ڕووی سیاسییەوە لە هەرێمێکی تا ڕادەیەك سەربەخۆدا، بە دەست نەبوونی بونیادێکی سیاسییەوە دەیاننالاند بەتایبەت دوای شکستهێنانی ئەزموونی پەرلەمان. لێرە بەدوا کورد لەڕووی تیۆرییەوە:

١- خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسی نییە بە واتای دەسەڵاتێك کە لە ئەرکە سەرەکییەکانی پاراستنی بەندوبار وبەڕێوەبردنی ئەو گروپانەیە کە کۆمەڵگا پێکدەهێنن.

٢-خاوەنی دەوڵەت نییە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت بە بۆچوونی وێبەر هەبوونی کۆنترۆڵی تەواوە بەسەر هەرێمێکدا.





٣- سیستەمێکی سیاسیشی نییە، بۆ نموونە بەهۆی پارچەبوونی جوگرافی وپەرتەوازەیی لە دەسەڵاتەکاندا. ئەمەش لە چوارچێوەی عیراقدا پەیوەندی بە هەلومەرجی ناوخۆ ودەرەوە هەبووە. دەتوانین ئەو دەسەڵاتدارێتییەی کوردستانی عیراق تا هەنووکە بە شێوە بونیاد یا شێوە سیستەمی سیاسی ناوببەین، یا بیخەینە خانەی حکومەتی ئالۆزکاو بۆ جیاکردنەوەی لە حکومەتی لانی کەم وحکومەتی خاوەن دەوڵەت لە پۆلێنبەندییەکەی (لوسی میر)دا. کەواتە حکومەتێك نەتوانێت بە مانای وشە کۆمەڵگایەك بەڕێوەبەرێت بەهۆی ئەو هەلومەرجەی کە نەیتوانیوە فۆرمەلە ببێت، چۆن نەوەیەکی گەشەکردوو لە فەزای ئازاد دا دەتوانێت پێوەرێکی نەبێت بۆ لێپرسینەوەی. وێڕای ئەمە پاساوێکی تریش هەیە. تیۆریسینەکانی خۆرئاوا پێیان وایە لەم سەردەمەدا دەوڵەتی ریفاه کاریگەری نەماوە، حکومەت وهاولاتییانیش هەستیان بەمە کردووە. ئەوان ئەمە زیاتر دەگەڕێننەوە بۆ ئەو داتەپینە ئابوورییەی کە لە ١٩٧٠وە دەستی پێکردووە. بەمەش دوو تیۆرە دێنە پێشەوە، یەکێکیان تیۆرەی (زۆربوونی بەرپرسایەتی دەوڵەت)ە کە بەگوێرەی ئەمە داوای هاولاتییان زیادی کردووە

ودەوڵەت ناتوانێت بپرژێتە سەر وەڵامدانەوەی هەموو داواکان وهەر بۆیەش کاتێك حزبە سیاسییەکان بانگەشە وبەڵێنێکی زۆر لە هەڵبژاردندا دەخەنەگەڕ لە دواییشدا بۆیان دەردەکەوێت کە دەرەقەتی ڕاپەڕاندنی ئەو بەڵێنانە نایەن. تیۆرەی دووەمیان بریتییە لە (قەیرانی ڕەوایەتی) کە یورگن هابرماس گەلاڵەی کردووە وئاماژەیە بە سەرلێشێوانی سیاسەتمەتداران بەرانبەر گووتاری خەڵك و دروستبوونی ململانێیە لەنێوان سەرمایەداری تایبەتی ودەوڵەت. لە کاتێکدا داواکانی ریفاهی خەڵك بەردەوام لە پەرەسەندندایە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی چاوی لە بەرهەمەکانی کەرتی تایبەتە. دەوڵەتیش نازانێت چۆن خەرجییەکانی کەم بکاتەوە کە بەهۆی ئەبێ باجەکانی زیاد بکات، ئەبێ جارێکی تر تەداخولی قەڵەمڕەوی ئابووری بکاتەوە، ئەمەش هاوکێشەیەکە لاسەنگبوونی بە هەر لایەکدا نارەزایی خەڵکی لێدەکەوێتەوە. مەبەستم لەم نموونانە ئەوەیە کە ئەم دوو تیۆرەیە پشکێکیشی بەر شێوە حکومەتی کوردیی دەکەوێت. بەڵام نابێت لەبیرشمان بچێت کە ئەو نەوە دەسەڵاتدارەی ئەمڕۆ لەژێر لێپرسینەوەیەکی جددییدایە کە پەیوەندی بەو "دەسەڵاتە دێوەزمەئاسای بیرۆکراسی"ی بالزاکی نوسەرەوە هەیە، دەسەڵاتێك کە لە هەر





سێ دەسەڵاتە گریمانەیەکەی کۆمەڵگای کوردییدا هەیە ونەوەی نوێ لێی ئاگادارە. بۆ نموونە هێشتا کەس نازانێت پەرلەمانی کوردی سیستەمی دوو حزبی پەیڕەو دەکات بەشێوەیەك کە هەر حزبێك زۆربەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت دەیباتەوە، یاخود نوێنەرایەتی ڕێژەیی کە لایەنەکانی تریش کورسییان هەبێت.لە پەرلەماندا نەك هەر تەوافقێکی لەپێشەوە ئامادەکراو لە نێوان دوو حزبە سەرەکییەکەدا هەیە، بگرە ئەم تەوافقە بەسەر حزبە بچوکەکانیشدا دەسەپێنرێت.

دەزگای دادوەری بە فەرمانی حزب کەسێك دادگایی دەکات وهەر چاوەڕێی ئەو فرمانەش دەکات بۆ بەردانی. هێشتا (پیرەکان)ی نەوەی کۆن دامەزراوەکانی حکومەت بەڕێوەدەبەن کە ئەقڵییەتییان دەروونی گەنجانی دوای ڕاپەڕین دەکوژێت. ئەم گەنجانەش ئەچن دەبن بە پۆلیس، چونکە بەشێکی داهاتی حکومەت هی سیاسەتمەدارە کۆنەکانی حزب وحکومەتەو بەشێکیشی بۆ پۆلیسخانە تەرخان کراوە. دەسەڵاتی بیرۆکراسی کە زیاتر لە گەندەڵییەکانی حزب وحکومەتدا دەردەکەوێت بەربەستێکی گەورەترە لە پاساوەکانی بەرپرسان وتیۆرە جیهانییەکان کە چارەسەرنەکردنی، تێکڕای بیانوو وپاساوەکان

نەزۆك دەكات. ئەبێ كە دەسەلاتی دوای ڕاپەڕین كە نەوەی كۆن زۆربەی پێكدەهێنێت لە نەوەی پاش ڕاپەڕیندا بەدوای ئەلتەرناتیڤدا بگەڕێت ئەگەر پێی وایە ئیمكانیەت وتوانایان لە ڕاپەڕاندندا نییە ئەگینا نەك هەر كۆمەڵگا وحكومەت پێش ناكەوێت بەڵكو دیموكراسییەكەشیان شەرعییەتی نابێت. با نەوەی نوێ لە گۆڕەپانێكی كراوە وركابەرئامێزدا بێنەپێش و خۆشیان خانەنشین بكەن بۆئەوەی نەوەی نوێی ببێتە چەمكێك ومناقەشە بكرێت.





## دەربارەی دوایین خۆپیشاندانەكانی خوێندكاران

خۆپیشاندانەكانی كانونی یەكەمی ساڵی ٢٠٠٥ خوێندكارانی هەندێ لەبەشە ناوخۆییەكانی هەولێرو سلێمانی جێگەی هەڵوێست كردنێكی جددی بوو، چونكە ئەو داواكارییانەی ئەوان ئەیانخستەڕوو نامۆ نەبوونو ڕەگیان لەرابردوودایە. ئەگەر بێتو لەكۆمەڵگەیەكدا كە بە كەمترین ڕادەش بە دیموكراتیك ناوی ببەن، ئەم داواكارییانە بخەینە جوغزێكەوەو ناوی لێبنێین كێشە، ئەوا خودی خۆمان حاڵەتێكی ناكۆك ئامێز(پارادۆكسیكال)دروست دەكەین، بەو مانایەی كە دوو جۆر كێشەمان هەیە، جۆری یەكەمیان ئەچێتە بواری سەرەتایی ترین مافەكانی ژیانەوەو لەڕووی تیۆریزە كردنەوە ڕەوایەتی ناولێنان لەدەست دەدات، واتە تەنیا ئاستی عەمەلیو فۆرمێكی بابەتی هەیە، ئەمەش لانی كەم بەو بەڵگەیەی ڕەهەندێكی كاتیی هەیەو ئەبێ لەقەیرانێكدا بە هەبوون یان

نەبوون یەکلایی بێتەوە. هەرچی جۆری دووەمیانە خودی کێشەیە، واتە حاڵەتێکە دەلالەت لەهەبوونی دەکاتەوە، لەم ڕووەوە پێویستیمان بە ئیمکاناتی ئازادی هەیە بۆ ئەوەی سیستەمێکی دیموکراتی نیان(Flexible) خۆی بسملێنێتو لەسۆنگەی مەغزاکانی کێشەیەکەوە لەگەڵ لایەنی دووەمدا بچێتە دانوستانی درێژ خایەنەوە.

خوێندکاران ئەو توێژەن کێشەیان هەیە کە ئەچێتە چوارچێوەی دابینکردنی ئیمکاناتی ئازادییەوە لەبارێکدا کە دەسەڵات خوازیارە لەڕوانگەی خۆیەوە شوناس بە کێشە بداتەوەو بە شێوەیەکی ئایدیۆلۆژیکی کاری لەسەر بکات. لەم ڕووەوە پێی وایە وەڵامدانەوەی خوێندکاران بۆ فەراهەمکردنی سەرەتاکانی ژیانی وەکو ئاو وسوتەمەنی، چارەسەرکردنی(کێشە)یەکە، کە لەڕاستیدا کێشەی ڕاستەقینەی خوێندکار کێشەی زانکۆو دەسەڵات یا بە دەربڕینێکی تر زانکۆو حزبە باڵادەستەکانە، کێشەی سەقەتیی مەنهەجە، کێشەی نەبوونی مامۆستا یا هەبوونی مامۆستای جاهیلو نەزانە. بۆ ئەبێت حکومەت تەنها لەقەیرانەکاندا ئاوڕ لەمافو سنورداربوونی ئازادی بداتەوە؟ یاخود ئاگادار نەبێت لەمیکانیزمی ڕاپەڕاندنی ئیشەکان بۆ





زانینی ئەمەی کە گەندەڵیی لە چ ئاقارێکەوە دروست دەبێو شکست بە تەواوی میکانیزمەکە دەهێنێتو دواجار قەیرانێك دروست دەکات؟ خوێندکار بەهۆی ئەو دۆخە سایکۆلۆجییەی بەهۆی گرفتێکی ماددیی کتوپڕەوە دروست دەبێت، پرسیار دەکات: بۆ ئەبێ دەرماڵەی خوێندکاران بۆ نزیکەی دوومانگ دوا بکەوێت ئەگەر لەبێ بەرنامەیی یا ڕۆتینیاتی بەرنامەیەکدا نەبێت. بۆ دەبێت لەدابینکردنی پاسی هاتوچۆی بەشە ناوخۆییەکاندا گرفت یا کەمتەرخەمی دروست ببێت بە تایبەت کەمتەرخەمییەك کە بەو شێوەیەی باسی لێوە دەکرێت جارێکی تر پەیوەندی بە گەندەڵی ئاستێك لەئاستەکانی بەرێوەبردنەوە هەیە. جارێك لەجاران لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت گوێڕایەڵی پرسیارەکانی خوێندکارە دەرەکییەکان بوون یا وێنەی ئەوانی ئەبینی کە بە سەدان کەسو بەهۆی پێویستبوونێکی زۆری ئاو ڕوویان ئەکردە مزگەوتەکان؟ گرفتێکی وەکو کەم ئاویی بەشە ناوخۆییەکانی سلێمانی پێشینەیەکی هەیە. بەڵام بیرهاتنەوەی ئەم گرفتە لەلایەن حکومەتەوە ئەکەوێتە دوای هاتە سەر جادەی خوێندکاران کە ئەو کاتە ئامادە نەبوون وەڵامی بەرپرسەکانی کاروباری خوێندکاران بدەنەوە تاوەکو خودی

**پارێزگار هات، ئەمەش وەڵامێکی ئەوان بوو بەرانبەر ئەو بەرپرسانە کە بێ باك بوون لەداواکانیان بە شێوازی دانیشتن. لەبەرئەوەی ئەم حاڵەتەش جارێکی تر بێ بەڵێنی پێوە دیاربوو، بۆ دووەم جار ئەو خوێندکارانە ڕژانەوە سەر جادەو ئەم جارە بە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەنگاویان نا، ئەوەبوو سەرۆکی حکومەت راستەوخۆ لەگەڵ ئەواندا کەوتە گفتوگۆو تازەکردنەوەی بەڵێن لەبەرانبەریاندا. بێگومان لەبەرئەوەی ئەم پرسە تازە نییە، خوێندکاریش دڵنیایە لەو ئاستەنگە خزمەتگوزارییانەی کە لەئاقارێکی ڕێرەوی گەیشتندا دروست دەبێت. بێگومان بێ ئەوەی خوێندکاران بێنە سەر شەقامەکانو دروشمی چاوەڕواننەکراو بەرز بکەنەوە بە ئامادەبوونی کەناڵە جیهانییەکانی وەکو سەواو ئەلجەزیرە، دەزگاکانی حکومەت ئەیانتوانی ئەو کارانەی ئەمڕۆ ئەنجام بدەنو بەر لەڕووداوێکی وەها بگرن، هەر بۆیە هەندێ جار حکومەتی هەرێم بە حکومەتی قەیران ناو دەبرێت کە تەنیا لەکاتی قەیراندا دەکەوێتە خۆ بۆ بیرکردنەوەی ڕێگە چارەی کێشەکان. بەکارهێنانی شێوازی توندوتیژی لەلایەن ئاسایشەوە بەرانبەر خوێندکارانی خۆپشاندان لەهەولێر، ئیرادەی شاردنەوەی ئەو کەموکوڕییانەو کەوتنە وێزەی**





**پەیامنێری کەناڵەکانی راگەیاندن، مەترسی گەیاندنی رووداوەکان، وەك خۆی، دووپات دەکاتەوە، ئەگینا بۆ ئەبێت پارێزگاری هەولێر دوای خۆپشاندانەکان بیر لەدانیشتن لەگەڵ لیژنە سەرپەرشتیارەکانی بەشە ناوخۆییەکان بکاتەوە بۆ پلاندانانێکی جددی لەمەڕ پێداویستییە حەیاتییەکانی ئەو بەشە ناوخۆییانە. دواجار حکومەتی هەردوو ئیدارەکە ئاگادار نین لەوەی کە کێشەی(خوێندکار) یان (گەنجی خوێندکار)بابەتێکی ترە کە بۆ ئەوەی خوێندکار بیری لێبکاتەوەو کاری لەسەر بکات، دەبێ ئامرازەکانی ژیانی خوێندنی لەکایە دابن.**

## کاڵفامی خوێندکار لەئاست ئەو جۆرە گرفتانەدا

**گەنجانی خوێندکارییش کە گوایە نوێنەرایەتی نوخبەی گەنج دەکەنو وەکو خۆیان ئەڵێن بە(گەنجانی رۆشنبیر)ناودەبرێن دەکەونەوە ژێر تۆمەتی بێ بەرنامەییو کارکردن لەسەر حەماسەتێکی بێ بنەما، چونکە خۆپشاندانەکانیان زیادە ڕەوی تێدا بوو، ئەم زیادەڕەوەییەش بە هەندێ لەداواکارییەکانو هەڵەشەییەکانیانەوە دیار بوو. زۆر جار خوێندکار مەحکومە بەوەی کە لەژێر کاریگەرییەکی سیاسیدا نارەزاییەتییەکانی**

ئەخاتە ڕوو، هەربۆیە ئەبێ جیاوازی بکرێت لەنارەزایەتی لەمەڕ پێویستییەکانی بەشی ناوخۆیی‌و ئەو بەرهەڵستییەی لەبەرانبەر کێشە جدییەکانی نێوان دەسەڵات‌و زانکۆ پەیوەست بە خوێندکارەوە دەخرێتە ڕوو، لەم ڕووەوە گومان دروست دەبێت دەربارەی ئەو گرفتانەی کە سەرەتایی‌و تازەش نین، بەڵام قسە لەسەر کردنیان بە شێوەی توندوتیژانەی دەکەوێتە دوای ئەم داوایە! هەربۆیە ئەبێت وێڕای واقعبینی بەرانبەر گرفتەکانی خوێندکار، بێ ئاگاییش دروست نەبێت بەرانبەر ئەو کاریگەرییە وروژێنەرانەی نوسەرێکی بە نفوز یاخود حزبێکی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ دروستی بکات بۆ گەورەکردنی ئەو گرفتانە. ئەبێ خوێندکاریش وێڕای دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان لەبەرنامەکانی حکومەتدا، ڕەچاوی ئەوەش بکات کە بۆ نموونە بەرێوەبەرێتی کاروباری خوێندکاران ناتوانێ تەقدیری زیادبوونی رێژەیەکی بەرچاوی خوێندکاران بکات بە جۆرێك کە گرفتێکی کاتی لەخزمەتگوزارییەکاندا دروست بکات، لەم ڕووەوە خوێندکاران کەمتر گرنگی دەدەن بە دروستکردنی لیژنەیەکی گفتوگۆ کە لەنزمترین ئاستەوە دەست پێبکات تاوەکو بەرزترین ئاست بۆ تێگەیاندنی لایەنی بەرپرس‌و ئاگادارکردنەوەیان لەمەڕ





تەنگەتاوبوونی خوێندکاران‌و دواجار مسۆگەر کردنی وەڵامدانەوەیەك کە ئاماژەی تەحدید کردنێکی زەمەنی تێدابێت. کاتێك حکومەت بەڵێنی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەك یا پەرەپێدانی دەدات ئەمە زۆرجار دەبێتە بیانوییەك بۆ هەندێك لەخوێندکاران بۆ خێرا ڕاپەڕاندنی، بە پێچەوانەوە ئەبێ بیر لەرێگەیەکی جادوویی بکەنەوە بۆ دەستخستنی، لێرەوە پرۆژەیەکی حکومەت دواکەوتنیشی تێدا بێت ئەوا بەڵێنەکان‌و زوو ڕاگەیاندنەکانی، جۆرێك هەڵەشەیی لەخوێندکاردا دروست دەکات. گەنجانی خوێندکار بەم دواییە کەمتر گرنگی بە دیالۆگ‌و شێوازی وتووێژ ئەدەن بە بیانوی ئەوەی کە بەرپرسان گوێڕایەڵ نین‌و بێ بەڵێنن، ڕەنگە چاولێکەریی هۆکارێك بێت بۆ ئەم مبەستە، چونکە شێوازی چوونە سەر شەقامەکان‌و مانگرتن تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتنی بەدیهێناوە بۆ هەرچی زیاتر مسۆگەر کردنی وەڵامدانەوە کردارییەکانی حکومەت.

## خوێندکار و مامۆستای کاریزماتیك

## پەیوەندییەکی ئەقڵانی لەبەرامبەر ئیمتیازاتدا

هەموو کاتێك کە دێینە سەر باسی پرسێکی گرنگی وەکو پەیوەندی لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتمەندی وەکو کوردستاندا بە ناچار وێنای ئاستێکی مەعریفی، ئەقڵانی ناکەین کەدەبێت بە بنەمای هەبوونی پەیوەندییەکانی تر. لە مانایەکی وشکدا پەیوەندی ڕایەڵێکی مەعنەوییە کە دوو شت یا زیاتر بەیەکەوە گرێدەدات، لە ناو مرۆڤەکان و لە جیهانێکی چەقبەستوودا ئەم ڕایەڵە دەبێتە زەرووڕەتی مانەوەو تەنانەت هەبوون و ئەمەش چەمکێکی تەقلیدیی بەرهەم دەهێنێت کە بێبەرییە لەو ئاستە مەعریفییەو ناوەرۆکەکەی واتایەکی پەتیی بەرژەوەندی دەگەیەنێت" بەرژەوەندی غەریزیی،بەرژەوەندی ماددی،بەرژەوەندی هاوخوێنی و...هتد. مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەم جیهانەدا کە نموونەی کۆمەڵگەیەکی چەقبەستووی لێوەرگرین ئیتر پەیوەندی





چەمکێك نییە توخمەکانی بنەمای ئەقڵانییان هەبێت، ئەمەش هۆکارەکانی دواکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیەمان بیردەخاتەوە" پرس گەلێکی وەکو پەیوەندی زەمینەیەکی کار لەسەرکراویان هەیە بەر لەوەی لە مەکۆیەکدا قسەیان لەسەر بکرێ، پەیوەندی لە مانای خۆیدا زیادەیەکە ئەگەر ئیشی لەسەر کراو بەرهەمی نەبوو ئەوا وازی لێدەهێنرێت.

هاوکێشەیەکە بۆ پارسەنگدانەوەی خود لەبەرانبەر ئەویتردا نەك بۆ هاوسەنگ هێشتنەوەی ئەو ئاڵوگۆڕکارییانەی کەپێویستە بەردەوام مانایان پێبدرێت، سیستەمێك نییە بۆ دروستکردنی دیالۆگی ڕەخنەگرانە بەڵکو بۆ خۆدزینەوەیە لێی ، بۆ شێواندنی ڕووی ڕاستی کێشەکانە نەبادا کاریگەییەکی نەخوازراو لەسەر یەکێك لە قسەکەر و موخاتەب بەجێ بهێڵێت.

ئەگەر بێتو ئێمە لە کۆمەڵگەدا چاوبڕینە دامەزراوەیەك کە خەڵکێکی فێرخواز و ئومێدەوار کۆدەکاتەوە و بڕیارە خودی کۆمەڵگەو تاکەکانی ئاراستە بکات ئەوا پەیوەندی تیایدا پرسێکی هەڵپەسێردراوە، زۆربەی کات لەدەرەوەی سیستمێکی ناونانی واقعییدا کاردەکات. بێگومان ناکرێ لاری بکەین

لەوەی کە زۆرێك لە گرفتەکانی ناو دامەزراوەی خوێندنی باڵای زانکۆ بە شێوەیەك لە شێوەکان دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان کارەکتەرەکان کە تەنیا لە فۆرمێکی وەهمییدا بوونی هەیە. زانکۆ گەلێك ڕۆڵ و ئاستی تیادا هەیە، بەڵام ئەوانەی دەشێت بە کارەکتەری سەرەکی ناوبرێن دوانەی مامۆستاو خوێندکارن کە وەکو دوو وشەی تەواوکەرو بەرانبەر یەك لە فەرهەنگی زمانەوانییدا ڕیزبەنی دەکرێن.

ئاشکرایە کە ئەمانە تەواوکەری یەکترن چونکە هەرکامێکیان بێ ئەویتر بوونێکی سیمانتیکی نییە ، بەڵام کە دەڵێین بەرانبەریەك مەبەست ئەوەیە کە وا فەرز دەکرێت مامۆستا و خوێندکار لە مەودای ڕۆڵبینیندا بەردەوام بن بە بکەر و بابەت ، وەکو دوو کارەکتەری بە گومان یەکتری بخەنە ژێر پرسیاری مەعریفییەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە یەکتری حوکم بدەن و بە پێی بەڵگەی مەعریفی ڕۆڵی یەکتر ئاڵوگۆڕ بکەن" ئەمەش خۆی ئاماژەیە بەو پەیوەندییە واقعییەی کە وەکو وتمان ئامادەیی نییە. لەمڕۆی زانکۆکانی کوردستاندا ناتوانین بڵێین لە نێوان (مامۆستا)و(خوێندکارەکەی)دا پەیوەندییەك هەیە کە بە دەرەوەی سیستمی ناونانەوە ڕایەڵ دەبێتەوە، ئەم دوو ئایتمە لەناو





پۆلەکانی خوێندن و دەرەوەدا دوو کارەکتەری نەگۆڕیان هەیە، بۆ نموونە" لە ڕواڵەتدا فلانە هەموو کاتێك مامۆستای (من)ە ئیتر هیچ پەیوەندییەکی تر لە ئارادانییە (من) بەوەوە گرێ بداتەوە، بەهەمان شێوە فلانە خوێندکاری(من)ەبەر لە هەر حوکمدانێکی تر.

کارەکتەری ڕووناکبیرێکی مامۆستا لەناو هۆڵەکانی کۆڕگرتندا بە حوکمی بەرپرسیارێتییەکی وەهمی دەروونی و ئەخلاقییەوە و دواجار دروستکردنی دیسپلین دەبێت جیاواز بێت لەو کاتەی دەچێتە پۆلەکانی موحازەرەوە و بەمەش دەبێتە مامۆستایەکی(ڕووناکبیر)" دەرەنجامی ئەمەش لە باشترین حاڵەتدا خۆدزینەوەی خوێندکارە لە موحازەرە بۆ ئامادەبوون لە هۆڵەکانی کۆڕگرتندا! لێرەوە ئەو سەرگەردانییەی کە دروست دەبێت و بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندی هەیە بە جیابوونەوەی قسەو کردار، چ لەلایەن خوێندکار یا خودی مامۆستاوە ناخرێتە ژێر پرسیار.

مەسەلەی ئەوبەرپرسیارێتییە وەهمییەی کە ئاماژەمان پێکرد لەلای مامۆستا لە هەوڵدانێك بۆ دروستکردنی ئیمتیاز زیاتر هیچی تر نییە کە لە پێشدا لە فۆرمێکی کاریزماتیکدا

دەردەکەوێت" واتە هەوڵی کەسێك کەوەکو هەیکەلێکی ئیمتیاز لە بەرگی بەرپرسیارێتییداو بەهۆی تایبەتمەندییەکی سایکۆلۆجیی نائاساییەوە دەیەوێت ڕەعیەکانی بەکێش بکات و بیانخاتە ژێر بارەوە. من بە دڵنیاییەوە دەڵێم مامۆستا وەکو کارەکتەرێکی بەرپرسی ناو دامەزراوە فێرکارییە باڵاکانی کۆمەڵگەیەکی نەریتیی وەکو کوردستان بە زەحمەت دەتوانێ لەو ڕۆڵبینینە توندە بێتەدەر کە پێی وایە ئەرکەکەی دەیسەپێنێت، ئەگەر خۆی بە ڕووناکبیرێکیش لەقەڵەم بدات ناتوانێ هەمیشە وەکو (خوێندکار) سەیری خوێندکار نەکات، چاوپۆشی سیاسی و سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی لە خوێندکار بکات، خواستەکانی پەیوەندی بخوێنێتەوەو بەهەند وەریبگرێت ئەگەر لە دەرەنجامەکانی لێکتێگەیشتن ناترسێت. بابزانێت خوێندکاریش پەیوەست بەم ناونانەوەو تەنانەت لە دەرەوەی ئەم ناونانەشدا کۆمەڵێ گرفتی هەیە کە هەندێ جار ئەو بەرپرسە لە گوێلێگرتنیان نەوەك کارلەسەر دروستکردنی دیسپلین بکات بۆ ڕۆڵی خوێندکار بە مەبەستی نغرۆبوون لەناو مەنهەج و دەرەوەی کێشە پەیوەندیدارەکاندا" بۆئەوەی بەلایەنی زۆرەوە پرسیار لە چییەتی بابەتەکان بکات نەك چۆنێتی" گوێگرێك بێت و هیچی تر.





ئەو مامۆستایەی لەسەر کورسی بەرپرسیارێتی کۆلێژ دانیشتووە ناشێت ئەم کورسییە بە دەسەڵاتی سیاسی بارگاوی نەکرابێت بۆئەوەی خوێندکارو خوێندکاران بەرلەنانی هەر هەنگاوێکی کێشە خوڵقێنی دژە مامۆستاو سیستمی خوێندن پلانەکەیان بخەنەڕوو داخۆ ئەو ڕەزامەندی لەسەرە یاخود نە، بەر لە گەڵاڵەکردنی هەر پرسیارێکی ناخۆش ئاگایان لە دڵی مامۆستا(و دەرەنجامەکەی) بێت، بەر لەهەر پرسیارێك ئەو وەڵامە لەگوێ بگرن کە " مامۆستامان کەمە و خوێندکارمان زۆرە" فڵانە مامۆستایە هەرچەندە پسپۆڕی دەرسەکە نییە بەڵام خۆبەخشانە ئەیڵێتەوە، هەرچەندە بە ڕوانگەیەکی (برایانە) مامەڵە لەگەڵ خوێندکاران دەکات بەڵام دەستبەرداری مونەزەمە بووە بۆئەوەی وانە بڵێتەوە، فڵانە مامۆستایە توندڕەوەو ئسلوبی جوان نییە بەڵام قسەی لەسەر مەکە چونکە زۆر زیرەکەو...هتد. ئەگەر سەرنج بدەین بۆمان دەردەکەوێت ئەو مامۆستایەی مۆرکی حزبی وەرگرتووە زیاتر هەوڵ دەدات بەڕێگەیەکی هیپنۆتیکییەوە ڕەوەندی کپکردن جێبەجێ بکات و پاساوکاری و بەرائەتی خۆی پیشانی ڕەعیەکانی بدات بۆئەوەی بێ دەسەڵاتی خۆی دەربخات، دەستەوسانبوونی خوێندکاریش لێرەوە دەست

پێناکات بەڵکو ئەو کاتە دەست پێدەکات کە ڕێکخراوێك لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ڕۆڵێکی کرداریی مامۆستاکە تەواو دەکات بەتایبەت کاتێك کە کپکردن یا هەڵایساندنی کێشەیەك دەخەنە ئەستۆی خۆیان و هەر ئەوانیش بڕیار لەسەر ڕاست و هەڵەبوونی کردارێك دەدەن و هیچ گروپێك یا خوێندکارێکی تر ئەو مافەی نییە. هەر بۆیە لەزانکۆدا دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێرەوە وردو درشتەکانەوە پەیدادەبێت و ڕۆڵی بەرهەمهێنەری پەیوەندی دەبینێت.

بەوهیوایەی کە ڕووناکبیرانی مامۆستا لەخۆیانەوە دەست پێبکەن و بزانن ئەوە بەرپرسیارێتییە کە دەشێت خراپ کەڵکی لێوەربگیرێت و دەرەنجامەکەشی ئیستیغلالکردنی مافێك نییە لەلایەن بەرانبەرەوە بەڵکو سۆراخکردن و سەندنییەتی، ئەوە بەئیمتیازکردنی بەرپرسیارێتییە ڕێگە لە پەیوەندییەك دەگرێ کە نەبوونی، خراپ لێکتێگەیشتنی نێوان مامۆستاو خوێندکاری لێدەکەوێتەوە، ئەوە ترسە دەروونی و ئاکارییەکەیە وەکو واهیمەیەك لای مامۆستا بەرانبەر خوێندکار دروست دەبێت مافی پرسیارکردنی لە ئاستی مامۆستایەکدا لێدەسەنێتەوە. با ئیتر مامۆستایەتی لە ناو ڕووبەری زانکۆدا بەمانای گەورەیەتی





نەبێت. بیرمەندێ بەناوی (ویل) دەڵێت ( ئەو دانایەی کە بەهۆی زانینەکەیەوە لووتبەرزە وەکو بەندێك وایە کە شانازی بە فراوانی زیندانەکەیەوە دەکات). بەڵام دەتوانین وێنای مامۆستایەکیش بکەین کە شانازی بە زانین یا دەسەڵات یا ئیمانداریی یاخود بەرپرسیارێتییەکی وەهمیی خۆیەوە دەکات و بە هەمان چاویلکەش خوێندکار دەخوێنێتەوە!

## هاوڕێیەتی کارەکتەری کورد

## بە لۆژیکی ئەرستۆ و دێریدا

سەرەتا پێدەچێت چەمکەکانی هاوڕێیەتی، خۆشەویستی، برایەتی،.. وێڕای هەبوونی چەمکی ناکۆك، هەڵگری ئایدیاگەلێکی ناکۆکیش بن لەخۆیاندا" ئایدیاگەلێك کە لە کرداردا مۆرکی ئایدیاڵبوونیان لێدەسێنێتەوەو تایبەتمەندییەکی ڕێژەییان پێدەبەخشێت. بۆ نموونە لە چرکەساتی مومارەسەیەکی سیاسییدا ڕەنگە هاورێکان مەودایەك بۆ پێشێلکردنی پەیوەندی هاورێیەتی قۆرخ بکەن کە مەرج نییە هەموو کاتێك لەقازانجی خاڵە ئیجابییەکانی ئەو پەیوەندییە بێت.

هاوڕێیەتی وەکو زاراوە دەچێتە جوغزی زاراوەی (Philia) لە فەرهەنگی گریکەکاندا، بەمەش لە هەردوو زاراوەی (Eros-خۆشەویستی سێکسوال بۆ شتەکان)و





(agape-خۆشەویستی خودایی) جیادەبێتەوە. فیلیاش جۆرێك خۆشەویستییە بۆ ئەندامانی خێزان،شەریك، ئەندامێکی گروپ، هتد. لێرەوە هاوڕێیەتی بە کۆتاییهاتنی پەیوەندییەکی ڕاگوزەر دەستپێدەکات لەنێوان دوو کەس یا زیاتردا. پرسی هاوڕێیەتی لە فەرهەنگی خۆرئاواداو لای فەیلەسوفان فرە ڕەهەندەو بەتایبەت لەم سەردەمەدا لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی وفەلسەفییەوە تاووتوێ کراوە. ئەرستۆ یەکەم کەس بووە هاوڕێیەتی تیۆریزە کردووە. ئەو پۆلێنبەندییەك گەڵاڵە دەکات و سێ پێناو دەستنیشان دەکات" ئەوانیش: خۆشی، قازانج و ڕەوشت. سیسرۆ یەکێکە لەوانەی تێڕوانینی لە ئەرستۆوە نزیکەو باس لە هاوڕێیەتی کامڵ یا ڕاستەقینە دەکات کە بنەماکەی ڕەوشتبەرزییە. لەسەردەمی مۆدێرنێتەداو لای ئادەم سمیت و فێرگسۆن بە دەرکەوتنی شارستانییەت و پیشەسازیبوون، هاوڕێیەتی ڕەهەندێکی ئامێریی وەردەگرێت. داڤید هیوم زیاتر گەشبینەو پێی وایە هیچ شتێك لە مرۆڤایەتییدا ئەوەندەی شەفافییەتی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی کاریگەر نییە ئەگەرچی بچوکترین ئیرادەی قوربانیدان بنەماکەی پێکبهێنێت. لە کۆمەڵگەی خۆرئاواییدا و لە ڕەوتی پێشکەوتندا ئەم پەیوەندییە

بەشێوەیەکی سیستماتیکی دەگۆڕێت. (ڕەی پال) بەپێچەوانەی ئەوانەی دەڵێن: ئەم پەیوەندییە بەرەو لاوازی دەچێت باوەڕی وایە کە گۆڕان فۆرم گەلێکی تر بەو پەیوەندییە دەبەخشێت. پاساوەکانی ئەو بریتییە لەوەی کە هاوڕێکان بەدەر لە زەرووڕەتی کرداریی بەسەر ئەرك و وەزیفەی کۆمەڵایەتی جیاوازدا دەکەون لەلایەن خزم و خێزانەوە. لەلایەکی ترەوە مانای هاوڕێیەتی وتێڕوانینی ئێمە گۆڕاوە بەرانبەر ئەمەی کە پێی دەوترێت هاوڕێ باش و داخۆ چۆن لەسەر پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خزمان حوکم ئەدەین[1]. لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی وەکو کوردستاندا ئەم پەیوەندییە تەواو بێ بنەما دەبێت، واتە دەکەوێتە دۆخێکی شڵەژاو و ناجێگیرەوە. ئەمەش بە بۆچوونی من بەهۆی بەرخوردی دوو کاریگەرییەوەیە: **یەکەمیان** کاریگەرییەکی لەمێژینەی نەریتگەرایی خێڵەکیبوون و ئایینخوازیی کە کار لەسەر ناونانی پەیوەندی و چۆنایەتیەکەی دەکات. **دووەمیان** کەلتووری نێگەتیڤی جیهانیبوون کە پەیوەندییەکی ساختەو دیکۆراتیڤ دەسەپێنێت. لەخوارەوە دوو نموونەی پەیوەندی هاوڕێیەتی کارەکتەری کورد کە خاڵەکانی ناجێگیرییان تیادا دیارە ڕوون دەکەینەوە:





## هاوڕێیەتی ئەنتۆنیمەکان

مەبەست لە ئەنتۆنیمەکان، لە ڕووی فۆرمەوە دوانە دژەکان دەگرێتەوە" بەڕێوەبەر- فەرمانبەر،مامۆستا-خوێندکار، هتد. ئەوەی لە نێوان ئەم دوو کارەکتەرەدا بەدی دەکرێت غیابی گووتاری هاوڕێیەتییە، پەیوەندییەکی ڕۆتینیی بارگاوییە بە دوو چەمکی بکەرو بابەت. لەم ڕووەوە بەرپرسیارێتی وەکو ئیمتیازێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. پەیوەندی کارەکتەری مامۆستا و خوێندکار لەدەرەوەو ناوەوەی پۆل هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت" مامۆستا پرسیار دەکات دەبێت وەڵام بدرێتەوە. ڕەنگە شتێك دەربڕێت کەنایزانێت و حساب بۆ وەڵامی مەعریفی ئەویتریش نەکات، هەڕەشەبکات و چاوەڕێی کاردانەوەی بەرانبەر نەکات. ئەو (ڕووناکبیر)ەی لە مینبەرێکدا قسە دەکات بۆ گەنجان، کەمترین کارلێك (Interaction)ی نییە لەگەڵ ئەوانی ئاراستەکراودا. بەڕێوەبەر یا کاربەدەستێك وەکو کارەکتەرێکی ناو فەرمانگە، لەناو بازنەی پیشەکەیدا بێ هاوڕێیە، ئەمەش بەهۆی مەترسی دابەشکردن یا زەوتکردنی پەیوەندی لەلایەن ئەویترەوە. کاتێك ئەرستۆ دەڵێت"هاوڕێ خودێکی ترە" ئەوا ئەم دابەشبوونی خودە بەسەر ڕووبەرەکانی

دوو کارەکتەردا دەبێتە فۆبیایەك و کاردانەوەی ئەم فۆبیایە لەلایەن خودەوە (وەکو هاوڕێی باڵا) ئاراستەی ئەویتر دەکرێت. نووسەر هەموو کاتێك مەحکومی ئەویتری خوێنەر دەکات بە خوێندنەوەو تێگەیشتنی دەقەکانی وەکو ئەوەی خۆی مەبەستیەتی، هیچ دیالۆگێکیش مومکین نییە لەوبارەیەوە بەجۆرێك کە خود لە غروری پەیوەندی بهێنێتە دەرەوە. ئەوەی زیاتر هەستی پێدەکرێت ئەمەیە کە ئەویتر وەکو کیانێك نەك بە چەمکێکی گراماتیکی بەڵکو وەکو بوونێکی سیمانتیکیش غایبە. جاك دێریدای فەیلەسوفی فەرەنسی ئەڵێت: "کاتێك تۆ ئەویتر دەدوێنیت، ئەگەرچی ئەم دواندنە لەدژ وەستانیش بێت، تۆ جۆرێك لە بەڵێن دەدەیت- ئەم بەڵێنەش دواندنی ئەویترە وەکو ئەویتر نەك سوککردنی ئەویتربوونی ئەویتر."[21] یاخود"کاتێك ئێمە وەڵامی ئەویتر ئەدەینەوە ئەبێ بێ وەفابین بەرانبەر هەموو ئەوانی ئەوانیتر."[3]، بەڵام لای ئێمە غایب بوونی هاوڕێ ئیستیغلالکردنی دەرفەتێکی بەدواوەیە تەنانەت بۆ کوشتنی پەیوەندییەکی ئامادەش بەوهۆیەوە. لە پەیوەندییە جێگیرەکانی ئێمەدا هیچ جۆرە بەڵێنێك لەلایەن خودەوە بەرانبەر ئەویتر نییە“ هاوڕێ، هاوڕێی کارە، هاوڕێی خوێندنە، هاوڕێی حزبی و برای





دینییە. یەکەم کردەوەی موخاتەبەکردن کوشتنی هەوڵەکانی پەیوەندی ئەویترە، لەناوبردنی کیانی ئەویترە. ئەوەی کە لە یەکەم هەنگاودا پەیوەندییە ئاسۆییەکەی نێوان دوو کارەکتەرەکە لەناودەبات و پەیوەندییەکی ستوونی دەسەپێنێت بێ مەعریفەیی خودە یا لاریکردنە لە هەبوونی ئەومەعریفەیە. تاکەکەس خۆی وەڵادەرەوەی خۆی نییە بگرە مامۆستاو مەسئولەکەی یا باوکە ڕۆحییەکەی وەڵام دەرەوەیەتی. بەپێی دێریدا، تاك کـــە وەڵامدەرەوەی خۆی نەبوو لە پەیوەندییدا بەهۆی جەبری ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەوا ناتوانێت وەڵامدەرەوەی ئەویتریش بێت، لێرەوە سەرەتاییترین بنەماکانی عەدالەت ودیموکراسی پشتگوێ دەخرێن. ئەم دەزگا جەبرییانە، هەوڵدەدەن وتە نەستەقەکان بەشێوەیەکی ئایدیاڵ بەرهەم بهێننەوەو فۆرمێکی مۆراڵیی درۆیینەی پێ بدەن“ هاوڕێ ئەو کەسەیە کە ئەتگرێنێت، چەترێکە لەکاتی باراندا پێویستت پێی ئەبێ، یا ئەو وتەیەی کە دێریدا بەنمونە ئەیهێنێتەوە لە زاری دیۆجێنس لاریتوس“ جەستەیەك میوانداریی گیانێك دەکات و داوای لێدەکات کە بمێنێتەوە واتە "هاوڕێ چییە؟"، وەڵام" گیانێکە لە دوو جەستەدا".. دێریدا دەنووسێت:"هاورێیەك لە شوێنێك

زیاتری هەبێت (دوو جەستە)، هەرگیز شوێنێکی بۆ خودی خۆی نابێت.".. "جەستەی هاورێ، جەستە گونجاوەکەی ئەو، دەشێ هەمیشە جەستەی ئەویتر بێت."[٤] بەهەمان شێوە هاورێی گرێنەر کاریزماتیکبوونی هاورێی بالاُو هاورێی چەترئاسا ئینتیمایەکی ئابووری ئەبستراکتمان بیردەخەنەوە. هەروەکو لەپێشدا وتم هاورێیەتی بریتییە لە کۆتایی هاتنی پەیوەندییەکی ڕاگوزەر، ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەم پەیوەندییە دۆخی سەپاندن بگرێتەخۆ بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم تا ئەوکاتەی کارەکتەری ئەنتۆنیمەکان مجامەلەی پەیوەندی یەکتر دەکەن لە بازنەی ڕەسمییاتدا ئەوا لەدەرەوەی ئەم بازنەیەشدا مەحکومن بەو پەیوەندییە ئەگەرچی لە فۆرمێکی تردا، بەپێچەوانەوەی ئەم واقعییەتەوە( کە ئامادەگی هەیە لای ئێمە) ئەوا نەریتگەرایی پەیوەندی بەدی دەکەین لەگەڵ هەموو ئەو دەرەنجامە سلبییانەی کە شلەژانی پەیوەندی دروست دەکات. شلەژانی پەیوەندییش ئەوەیە کە کار و کاردانەوەی نێوان خوێندکار و مامۆستا لە پرسیار و وەلامدانەوەدا دوژمنکارانە بێت یا وا پێشبینی بکرێت، بەرپرس وابزانێت سکالای کارمەندەکەی غەرەزێکی کەسی بێت، نوسەر ڕەخنەکانی خوێنەر بە قسەی ناشرین و





دواجار هەوڵی لەکەدارکردنی کەسێتی ئەو وێنا بکات، لەکاتێکدا کەدەشێت تێکستێکی ڕەخنەگرانە هەڵگری گوتاری هاورێیەتی بێت. لە ڕاستیدا گوتاری هاورێیەتی یەکێکە لە هەوڵەکانی چەسپاندنی نەریتی دیموکراتیك لە هەموو کۆنتێکستە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا.

## هاورێیەتی ڕەگەزەجیاوازەکان

ئەم پەیوەندییە کە ناجێگیرییەکەی لەناو توێژی گەنجدا تەواو ئاشکرایە، نەك هەرلە ژێر باری کەلتووری پێچەوانەدایە بەڵکو کەلتووری ئەم پەیوەندییە خۆی (پێچەوانەبووەوە)یە، واتە بەر لە تەشەنە سەندنی کەلتووری سلبیی بەجیهانیبوون، نەریتگەرایی ئایینی ئەم پەیوەندییەی بەرێوەدەبرد، ئێستاش کەلتوورێکی پێچەوانەی ئەم کەلتوورە، پەیوەندیی هاورێیەتی خستووەتە شلەژانەوە.

١-شاعیری کورد دەڵێت "ئاشنا وەرە با ئاشنابین، لەئاشنا چاکتر با وەك برابین، تەماح نەکەینە ناموسی یەکتر،.." ئەوەی کەلتووری ئێمە پێشنیاری دەکات چەمکی (برا)یە وەکو باشترین

ئەلتەرناتیڤی هاوڕێ، چونکە لەلایەکەوە ترسێك هەیە لە ئیستیغلالکردنی پەیوەندی لەلایەن یەکێك لە ڕەگەزەکانەوە، لەلایەکی ترەوە برا سیمبۆلی زاڵبوون وهەڕەشەی خێزانییە، لێرەوە دەکرێ هاوڕێ ڕۆڵی برایەکی چاودێر ببینێت لە ناوەندە گشتییەکاندا. "تۆش وەکو برام وایت"، "خوشکی منیت"، "برای گەورەیت"..ئەمانە بڕیارێکی پێشینەن لە فۆبیایەکەوە دێن کە هاوڕێ بە دووبارەبوونەوەی کارەکتەری برا دەبینێت، وێنەی خێزان نەك هەر لەدامەزراوەکەی خۆیدا بەڵکو لە شوینەکانی تریشدا خۆی بەرهەم دێنێتەوەو ئەو ڕێسایانەی بۆ ئەندامەکانی دادەنێت، هەوڵی چاوەدێری کردنیان دەدات.

٢- مەترسی کەلتووری بەجیهانیبوون ئەمەیە کە نایەت پەیوەندییە قۆناغبەندەکانی خۆی لە کەلتووری تۆدا بخولقێنێتەوە بەڵکو هانی لاساییکردنەوەی ئەم پەیوەندییانە دەدات. گوێزرانەوەی کەلتووریش لەم بارەدا تەنیا لاساییکردنەوەیە، ئەمەش نەك لەڕووی ناوەرۆکەوە بگرە لەناو کارەکتەری کورد دا دەکەوێتەسەر ڕواڵەتی هەڵسوکەوت، ڕواڵەتی دیکۆر،ڕواڵەتی بانگەشەکانی ڕاگەیاندنی خۆرائاوا، واتە کاتێك ئەرستۆ دەڵێت:" مرۆڤ حەزی لە لاساییکردنەوەیەو لەخۆیدا





مۆرکی لاساییکردنەوەی هەیە" ئەوا گەنجی کورد بەتایبەتی، دەبێتە بینەرێکی سکرینە گەورەکانی خۆرئاواو لەم سۆنگەیەشەوە بەدوای هاوڕێکانیدا دەگەڕێت . بەمەش هاوڕێیەتی بەتایبەت لەناو گەنجانی چینی ناوەندا تەواو ساختەو بێ مانا دێتەبەرچاو، فۆرمێکی ڕیاکاری هەیە لەکاتێکدا کە هاوڕێکان تەمسیلی کارەکتەری خۆیان ناکەن. کاتێك تاکەکەس دەچێتە ئەم پەیوەندییەوە خۆی لەدەست دەدات، ئەم ئەگەرەی لەپێشدا بۆ بەهاوڕێبوون هەبووە نامێنێت، لەم ڕووەوە تەنیاوتەنیا عەرز(pretension)ێکی ڕۆتینی، نەك خودی هاوڕێیەتی لەئارادایە، بەتایبەت لەو ڕووەوە هاوڕێیەتی خود هاوڕێتییە لەگەڵ ڕەگەزەکەی تر نەك ئەویتر. دەکرێ پێناوی سێیەمی هاوڕێیەتی واتە خۆشی(pleasure)یەکی کاتی بۆ ئەم پەیوەندییە دەستنیشان بکەین کە تیایدا هاوڕێکان چێژ و خۆشی وەرگرتن لەیەکتر کۆیان دەکاتەوە، بەلاّم وەکو وتمان ئەم پەیوەندییە بەشێوەیەکی بێ بنەماو بێ قۆناغبەندییەکی مێژووییە کە بە حەزەربوونی (being cautious)، هەموو مەعریفە پێشینە و ڕایەڵە دروستبووەکانی سەر ئەو بنەمایە هەڵدەوەشێنێتەوە لەنێوانیاندا. بەگوێرەی لۆژیکی بکەرو بابەتی

**دێریدا، خۆشەویستی(فیلیا) لەم پەیوەندییەدا لەبەرژەوەندی بکەردایە. وتەی (بیربکەرەوەو خۆشەویستی بکە) گیان، ژیان و هەناسە دەدات بە بکەر، لەبەرانبەردا بابەت مردووە، بێ گیانەو ناتوانێ هەناسەبدات، چونکە بێ ئاگایە لە خۆشویستن. ئەم پرۆسەیە لە هەندێ ڕووەوە بەسەر هاوڕێیەتییە بێ بنەماکاندا پیادە دەبێت لەبارێکدا کە کارەکتەرەکان نازانن بۆچی و چی کۆیکردوونەتەوە، بەڵام خود تەحەکوم بەویترەوە دەکات، واتە ئەویتر هاوڕێیەکی پاشکۆو گوێڕایەڵە. دێریدا لە کتێبی (سیاسەتی هاوڕێیەتی)دا دەنوسێت: ( من ناتوانم هاوڕێ زیندوو بکەمەوە، ناتوانم و پێویست ناکات ئەمە بکەم، تەنیا لەو مەودایەدا نەبێت کە ئەو هەڵگری مەرگی منە و ئەم مەرگە بە میرات دەهێڵێتەوە وەکو دوا دەربازبوو.) [٥] مەبەستی دێریدا لە زیندووکردنەوە، پێدانی ئیرادەی خۆشویستنە (فیلیا)، مەرگیش پرۆسەی خۆشویستران(**being beloved**)ە.**

**بە دەربڕینێکی تر پێویستە بەر لە کارکردن لەسەر پەیوەندی و ئاراستەکردنی لەلایەن منەوە، ئەویتر ئامادەییەکی پێشینەی هەبێت بۆ کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە و بەنۆرەی خۆی ئەو پرۆسەی خۆشویسترانە بگوازێتەوە لەبەرئەوەی من وام لێکردووە**





**خۆشەویستی بکات(من ئەوم کردووە بە دوایین کەسێك کە خۆشەویستی دەکات و بەهۆی منەوە دەکرێ خۆش بویسترێت) لێرەدا من نەك هەر ڕەنگە ئەویتر بێت بەڵکو دەزگایەکە بۆ بەرهەمهێنانەوەی هاوڕێ ئەمەش بریتییە لە کرۆکی بەردەوامیی پەیوەندی لەنێوان هاوڕێکاندا.**

## پەراوێزەکان:

١) Doyle, M.E and Smith, M.K (٢٠٠٢)'Friendship: theory and experience' the encyclopedia of informal education', last update January ٢٨, ٢٠٠٥ .

٢) An Interview with Jacques Derrida, by Nikhil Padgaonkar . arch١٩٩٧.www.csun.edu

٣) Anne Orford, Critical Intimacy: Jacques Derrida and Friendship of Politics. 'German law Journal'٢٠٠٥

٤)Jacques Derrida, 'Politicsof Friendship'. Translated by Gorge Collins, Verso publication ١٩٩٧, page١٧٧

-٥ Ibid





*emaili nusar:

karzankawsen@yahoo.com